# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣١٢)   ساڵی بیست وسێ   ٣٠ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣زایینی   ٨ خەزەڵوەر ٢٧٢٣ کوردی   ١٥ رەبیعی دووەم ١٤٤٥کۆچی

312

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** لا ١

تایبەت بە پێدانی مۆڵەت و ڕێکسازیەکانی (ضوابط) ڕێکخستنی پێشانگا

لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ١٤

ڕێنمایی چۆنیەتی مامەڵەکردنی پاشەڕۆی پزیشکی تاقیگەیی

لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ٢٣

ڕێنمایی دابەشکردنی داهاتی دایەنگا حکومیەکان

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢٤

تایبەت بە کرێی کاری ڕۆژانە

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** ٢٥

ڕێنمایی هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی(٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و

ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ٢٧

دیارکردنی نرخی کرێی پشکنینی تاقیگەیی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

لە هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (٤-٥-٦)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی وئابووری** ٣٣

**بەیانی ژمارە (١٣-١٤-١٥-١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داد** ٣٤

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٦

فراوانکردنی گوندی (دمرکان)

**بەیانی ژمارە (٤٦-٤٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٣٦

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١٢) السنة ثلاثة وعشرون ٣٠تشرين الاول ٢٠٢٣م. ٨ خەزەلوەر ٢٧٢٣ ك. ١٥ ربيع الثاني ١٤٤٥ هـ.

312

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التجارة والصناعة | ١ |
| تعليمات رقم (١٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ١٤ |
| تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٢٣ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٢٤ |
| تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ٢٥ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣ هيئة حماية وتحسين البيئة | ٢٧ |
| بيان رقم (٤-٥-٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٣٣ |
| بيان رقم (١٣-١٤-١٥-١٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل | ٣٤ |
| بيان رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٣٦ |
| بيان رقم (٤٦-٤٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٣٦ |

No. 312 Date: October 30, 2023 Vol.: 23

چاپخانەی شەھاب - ھەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی**

**ژمارە: لە ٢٠٢٣/٨/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەبڕگەی (٥) لە ماددەی (٣)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەمووارکراو ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٢٣**

**تایبەت بە پێدانی مۆڵەت و ڕێکسازیەکانی (ضوابط) ڕێکخستنی پێشانگا لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی (١): بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە ئەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:**

- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق
- **وەزارەت :** وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق.
- **لیژنەی باڵا:** لیژنەی باڵای سەرپەشتیاری رێکخستن وچاودێری پێشانگاکان لە وەزارەت.
- **بریکاری وەزارەت:** بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی.
- **بەڕێوەبەری گشتی:** بەرێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
- **بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی پێشانگاکان و خزمەتگوزاریە بازرگانیەکان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.
- **لایەنی رێکخەر:** لایەنی ئارەزوومەند بۆ رێکخستنی پێشانگا.
- **بەشداربوو:** کۆمپانیا و کارگە و بازرگان کە ئارەزوومەندە بۆ نمایش کردنی بەرهەمەکانی لەو پێشانگایانەی کە لە هەرێم رێکدەخرێن.

**بەشی یەکەم**

**دامەزراوەکان**

**ماددەی (٢): پێکهێنانی لیژنەی باڵا**

أ- لیژنەیەك پێکدەهێنرێت لە وەزارەت بەمەبەستی مۆڵەتدان ورێکخستن و چاودێری کردنی بواری پێشانگاکان لە هەرێم کە لە سێ کەس پێکدێت بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت و ئەندامیەتی بەرێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری بەرێوبەرایەتی.

ب- ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵا بریتیە لە :-

١-دانانی پلان و رۆژنامەی ساڵانەی پێشانگاکان لە هەرێم.

٢-هەماهەنگیکردن لەگەڵ کۆمپانیای گشتی بۆ خزمەتگوزاری بازرگانی و پێشانگاکان سەر بە وەزارەتی بازرگانی عێراقی لە بواری ڕێکخستنی پێشانگاکان بە گشت ڕووەکانیەوە.

٣- وورد بینیکردن و پەسەندکردنی گشت داواکاریەکانی تایبەت بە رێکخستنی پێشانگاکان.

٤- پەسەندکردنی شوێنی ئەنجامدانی پێشانگا.

٥- چاودێریکردنی بەڕێوەچوونی پێشانگاکان.

٦- ئارا ستەکردنی نوو سراو بۆ ب. گشتی گومرگ بۆ مەبە ستەکانی هێنانی بابەتەکانی نمایشکردن بۆ نێو پێشانگا وبردنە دەرەوەیان ویاخود هەر کارێکی پێویست.

٧- ئارا ستەکردنی نوو سراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بە مەبە ستی وەرگرتنی ڤیزە بۆ بە شدار بووە بیانیەکان و یاخود هەڵوەشاندنەوەی ڤیزەکانیان لە کاتی پێویست.

٨- دەربڕینی ڕەزامەندی بە درێژکردنەوەی مانەوەی بەشداربووان بۆ مەبەستەکانی بەشداریکردن لە پێشانگایەکی دیکە.

٩- ئامادەکردنی لیستی باوەڕپێکردنی (اعتماد) کۆمپانیاکانی سیکیوریتی وکۆمپانیاکانی جوانکاری (دیکور) بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٣): بەڕێوەبەری گشتی:**

ئەرک و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری گشتی لە مانەی خوارەوە پێک دێت:-

أ- سەرپەرشتی کردنی کەرتی پێشانگاکان لە هەرێم.

ب- بەرزکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پێویستی بە رەزامەندی لیژنەی باڵا هەیە لە چوارچێوەی بڕگەی (ب) لە ماددەی (دووەم)ی ئەم ڕێنماییە.

ت- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە هەر پێشانگایەك بە جیا.

**ماددەی (٤): ئەرک و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی**

أ- بە دەر لە دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵای هاتوو لە بڕگەی (ب) لە ماددەی (دووەم)ی ئەم ڕێنماییە، بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتدارە بە بەڕێوەبردنی کەرتی ڕێکخستنی پێشانگاکان بە گشت قۆناغەکانیەوە.

ب- بەڕێوەبەرایەتی لە ڕێگای بەڕێوەبەری گشتی پابەندە بە وەرگرتنی ڕەزامەندی لیژنەی باڵا لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵا بەپێی ئەو ڕێنماییە.

ت- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی لە ڕێگای بەڕێوەبەری گشتی بە فەرمی ئاگاداری لیژنەی باڵا بکات لە تەواوی داتا و ڕێکارەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی هەر پێشانگایەک بە جیا.

## بەشی دووەم

## شوێنی بەڕێوەچوونی پێشانگا و مەرجەکانی لایەنی ڕێکخەر و بەشداربوو

**ماددەی (٥): شوێنی بەڕێوەچوونی پێشانگا و ڕەزامەندی**

أ- پێشانگاکان لەو شوێنانە ئەنجام دەدرێن کە لە لایەن (لیژنەی باڵا) پەسەند دەکرێت.

ب- بەبێ رەزامەندی لیژنەی باڵا هیچ پێشانگایەک لە هەرێم ڕێکناخرێت.

**ماددەی (٦): مەرجەکانی لایەنی ڕێکخەر**

أ- کۆمپانیا ناوخۆییەکان پێویستە تۆمارکرابێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەرێم.

ب- باوەڕپێکردن (اعتماد) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکان بۆ ئەو کۆمپانیانەی لە وەزارەتی بازرگانی عێراقی تۆمارکراون.

ت- پێویستە کۆمپانیا بیانیەکان لە لەلایەن دە سەڵاتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی وڵاتیان تۆمارکرابن وبەڵگەکانی تۆمارکردنیان پێشکەش بکەن، دوای پەسەندکردنیان بەپێی یاسا ورێنماییەکان.

ث- پێویستە کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق و کۆمپانیا بیانیەکان لایەنی کەم (٣) ساڵ ئەزموونی هەبێت لە بواری ڕێکخستنی پێشانگا و لایەنی کەم (٣) پێشانگای ڕێکخست بێت بەپێی گرێبەستی پەسەندکراو لە لایەنی پەیوەندیدار.

**ماددەی (٧): مەرجەکانی بەشداربوو**

هەر کۆمپانیا و کارگە و بازرگانی ناوخۆیی و یاخود بیانی بێت بۆی هەیە بەشدار بێت لە پێشانگاکانی هەرێم بە مەبەستی نمایش و ناساندنی بەرهەمەکانیان.

## بەشی سێیەم

## ڕێکار و ڕێکسازیەکان

**ماددەی (٨): پێشکەشکردنی داواکاری**

لەسەر لایەنی ئارەزوومەند بۆ ڕێکخستنی پێشانگا پێویستە داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەرێوەبەرایەتی بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی مۆڵەتدانی کردنەوەی پێشانگا کە پێویستە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:-

أ- ناوی پێشانگا وشوێن و بەرواری ڕێکخستنی.

ب- ماوەی بەردەوام بوونی پێشانگا کە نابێت لە (١٠) ڕۆژ زیاتر بێت.

ت- پسپۆری گشتی پێشانگا.

ث- لایەنی سپۆنسەر و یاخود سەرپەرشتیار و یاخود هاوکاری حکومی یان نا حکومی ورۆلیان لە ڕێکخستنی پێشانگا گەر هەبێت.

ج- ڕووبەری پێویست بۆ ڕێکخستنی پێشانگا.

ح- لۆگۆی پێشانگا.

**ماددەی (٩): پەسەندکردنی داواکاری**

أ- داواکاری و گشت هاوپێچەکانی لە ماوەی (٣) ڕۆژدا لە لایەن بەرێوەبەری گشتی بەرز دەکرێتەوە بۆ لیژنەی باڵا.

ب- دوای وردبینیکردنی بەراییەکان لە لایەن (لیژنەی باڵا) لە ماوەی (٧) ڕۆژدا بڕیار دەدرێت بە پەسەندکردن ویاخود پەسەندنەکردنی داواکاری.

ت- لە کاتی پەسەند نەکردنی داواکاری لایەنی پەیوەندار لە ماوەی (٣) رۆژدا بۆی هەیە داوا لە لیژنەی باڵا بکات پێداچوونە لە بڕیارەکە بکات وپێویستە لەسەر لیژنە لە ماوەی (٧) رۆژدا پێداچوونەووە و بڕیاری کۆتایی بدات.

**ماددەی (١٠): واژووکردنی گرێبەست وبارمتە**

**أ- گرێبەست**

گرێبەست ڕێکدەخرێت دوای پەسەندکردنی داواکاری کردنەوەی پێشانگا، بەم شێوەی خوارەوە:-

١-گرێبەست ڕێکدەخرێت بە شێوەیەکی جیا بۆ هەر پێشانگایەک تایبەتمەند لە سەر دامەزراوەکانی وەزارەت ویاخود دامەزراوە تایبەتەکان.

٢- پێویستە لایەنی ڕێکخەر گرێبەست واژوو بکات لە ماوەی (٧) رۆژی کاردا لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوە بە نووسراوی ڕەزامەندی، بە پێچەوانەوە ڕەزامەندی بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت.

٣- لە ئەگەری گۆڕینی بەرواری ڕێکخستنی پێشانگا و یاخود گۆڕین و زیادکردنی تایبەتمەندی پێشانگا پێویستە پاشکۆی گرێبەست ئامادە بکرێت و واژوو بکرێت.

**ب- بارمتە**

پێش واژووکردنی گرێبەست پێویستە لایەنی ڕێکخەر بڕی بارمەتە بداتە بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی جێبەجێکردن و بەڕێوەچوونی پێشانگا بەم شێوەی خوارەوە:-

١-بڕی (٥٠٠٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار بۆ ڕێکخەری ناوخۆیی.

٢- بڕی (٧,٥٠٠٠٠٠) تەنها حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بۆ ڕێکخەر ی بیانی.

٣- دە ست دەگیرێت بە سەر بڕی بارمتە لە کاتی نەکردنەوەی پێ شانگا بەبێ بوونی هۆکاری درو ست، بە هەڵاوێرکردنی حاڵەتەکانی باری لە ناکاو، دوای ئاگادارکردن و وەرگرتنی ڕەزامەندی لیژنەی باڵا.

**ماددەی (١١): شایەستەکانی وەزارەت**

أ- لە کاتی کردنەوەی پێشانگا لەسەر دامەزراوەکانی وەزارەت

١-بەڕێوەبەرایەتی بڕی (٧٥٠٠٠) تەنها حەفتا و پێنج هەزار دینار وەردگرێت بۆ هەر مەتر دوو جا بۆ شوێنە داخراوەکان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی بڕی (٣٥٠٠٠)تەنها سی و پێنج هەزار دینارو وەردەگرێت بۆ هەر مەتر دووجا بۆ شوێنە کراوەکان.

٣-بەڕێوەبەرایەتی بڕی (١٠%) لە سەدا دە لە کرێی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە وەردەگرێت وەک کرێی خزمەتگوزاری (کارەبا و ئینترنێت و خزمەتگوزاری گشتی).

٤- بەڕێوەبەرایەتی بڕی (٥%) لە سەدا پێنج لە کرێی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە وەردەگرێت بۆ ئەو پێشانگایانەی کە خەسڵەتی فرۆشتنی ڕاستەوخۆیان هەیە.

٥- ڕێکخەر پابەندە بەدانی (٥٠%)لە سەدا پەنجا کۆی گشتی کرێیەکان لەکاتی واژوو کردنی گرێبەست.

٦- کار دەکرێت بە سیستەمی کۆکردنی کرێی سەردانکەران (نظام الجباية للزائرين) لە ڕێگای دەرگای ئەلیکترۆنی بۆ ئەو پێشانگایانەی کە خەسڵەتی فرۆشتنی ڕاستەوخۆیانەی هەیە، وبڕی پارەکە لە لایەن لیژنەی باڵا دەستنیشان دەکرێت.

ب- لە کاتی کردنەوەی پێشانگا لەسەر دامەزراوە تایبەتەکان کە خاوەنداریەتەکەی ناگەڕێتە بۆ وەزارەت:-

١- بەڕێوەبەرایەتی بڕی (١٥٠٠٠) تەنها پانزە هەزار دینار وەردەگرێت بۆ هەر مەتر دووجا بۆ شوێنە داخراوەکان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی بڕی (٥،٧٠٠) تەنها پێنج هەزار و حەوت سەد دینار وەردەگرێت بۆ هەر مەتر دووجا بۆ شوێنە کراوەکان.

٣- ڕووبەری شوێنە داخراو و دانەخراوەکان دەستنیشان دەکرێت لە لایەن لیژنەی پێوان (الذرعة) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی.

**ماددەی (١٢): پێبژاردن (الغرامات)**

أ- لایەنی ڕێکخەر پابەندە بە دانی تەواوی بڕی ئەو کرێیانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی لە ماوەی (١٠) ڕۆژ، دەست پێدەکات لە بەرواری ئاگادارکردنەوە بە تەواو بوونی هەژمارکردنی پسولەی کۆتایی، وە لە کاتی پابەند نەبوون، ڕیکخەر ڕوبەرووی سزای پێبژاردن دەبێت بە بڕی (١٥٠٠٠٠) تەنها سەدو پەنجا هەزار دینار بۆ هەر ڕۆژێک تا دەکاتە (١٠%) کۆی گشتی بڕی کرێیەکان، دواتر بەڕێوەبەرایەتی هەڵدەستێ بە گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان بۆ وەرگرتنی گشت بڕە شایەستەکانی وەزارەت.

ب- پێبژاردنی دواخستنی کاتی ڕێکخستنی پێشانگا:-

١-لە کاتی ئەنجامدانی پێشانگا لەسەر دامەزراوەکانی وەزارەت:-

ڕێکخەر پاپەند دەکرێت بە دانی بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار لە کاتی دواخستنی کاتی کردنەوەی پێشانگا وبڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) تەنها دە ملیۆن دینار لە کاتی دواخستن بۆ جاری دووەم، وپێویستە لە هەردوو حاڵەتدا داواکاریەک پێشکەش بکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی تیایدا هۆکارەکانی دواخستنی پێشانگا بە ڕوونی ئاماژەی پێکرابێت. گرێبەست هەڵدەوەشێت لە کاتی دواخستنی پێشانگا بۆ جاری سێیەم و دەستدەگیرێت بە سەر گشت بارمتەکان جگە لە حاڵەتی نالەبار (القوة القاهرة) و یاخود دواکەوتنی وەرگرتنی (ڤیزا) لە فەرمانگەی نشینگە.

٢- لە کاتی ئەنجامدانی پێشــانگا لە ســەر دامەزراوەی تایبەت ڕێکخەری پێشــانگا بۆی هەیە بۆ جاری یەکەم داوای دواخستنی پێشانگا بکات، وە لە کاتی دووبار بوونی دواخستنی ئەنجامدانی پێشانگا ڕێکخەری ناوخۆیی بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار و ڕێکخەری بیانی بە بڕی (٨٠٠٠٠٠٠) تەنها هەشت ملیۆن دینار پێبژاردن دەکرێت. گرێبەست هەڵدەوەشێت و دەست دەگیرێت بە سەر گشت بارمتەکان لە کاتی ئەنجامنەدان و یاخود دواخستنی پێشانگا بۆ جاری سێیەم.

٣- ڕێکخەر پابەند دەکرێت بە دانی بڕی (٥٠٠٠٠٠) تەنها پێنج ســەد هەزار دینار لە کاتی پێشــێلکردنی ڕێنماییەکانی پابەند بوون بە پاک و خاوێنی ناو هۆل و زۆنە دانەخراوەکان و جادە و ڕێگاوبان، و بڕی (٢٥٠٠٠٠) تەنها دوو سەدو پەنجا هەزار دینار لە کاتی پابەند نەبوون بە پاک و خاوێنی توالێت و دەستشۆرەکان بۆ ئەو پێشانگایانەی کە لە سەر دامەزراوەکانی وەزارەت ئەنجام دەدرێن.

**ماددەی (١٣): شێوازی دانی کرێیەکان و بڕی پێبژاردن**

ڕێکخەر هەڵدەستێ بە دانی کرێ وشایستەکان بە بەشی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**ماددەی (١٤):خزمەتگوزاری جوانکاری (دیکۆر)**

أ- **بەکارهێنانی کەل وپەلی جوانکاری دامەزراوەکانی وەزارەت**

لە کــاتی بەکــارهێنــانی کەلوپەلی جوانکــاری تــایبەت بە (بــاڵی ئــامــادەکراو/الجنــاح الجــاهز) لە دامەزراوەکانی وەزارەت کە پێک دێت لە (عمود و دیواری المنیوم و تابلۆی میلامینی ســپی بۆ دیوار و مۆکێتی زەمین) بەم شێوەی خوارەوە:-

١- باڵی ئامادەکراو لەگەڵ مۆکێت (جگە لە مۆکێتی ڕێرەوەکانی ناوەوە) تەنها (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار دینار بۆ یەک مەتر دووجا.

٢- باڵی ئامادەکراو بێ مۆکێت (جگە لە مۆکێتی ناو بال و ڕێرەوەکانی ناوەوە) تەنها (٣٧٠٠٠) ســی و حەوت هەزار دینار بۆ یەک مەتر دووجا.

٣- فەرشی مۆکێت بۆ ناو هۆڵەکانی پێشانگا (٧٠٠٠ ) تەنها حەوت هەزار دینار بۆ یەک مەتر دووجا.

٤- دیکۆری ئامادەکراو لە لایەن بەرێوبەرایەتی کە ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:-

- مێز بە قەوارەی (١) مەتر دوجا (١) دانە بۆ هەر (٩) مەتر دووجا.
- کورسی پلاستیک (٢) دانە بۆ هەر (٩) مەتر دووجا.
- سەلەی زبل (١) دانە بۆ هەر (٩) مەتر دووجا.
- دانانی (٣) دانە ڕۆناکی (Spot light) بەهێزی (١٨٠ وات) بۆ هەر (٩) مەتر دووجا.

٥- دەرچەی کارەبا (سەیاری کارەبا) بەدرێژی (٣) مەتر بەووزەی (٥) ئەمپێر (١) دانە بۆ هەر (٩) مەتر دوجا.

٦- نووســینی ناوی کۆمپانیای بەشــداربوو لە پێشــانگا بە زمانی کوردی لە ســەر شــێوازی ســتیکەر بە ڕەنگی رەش و لەسەر تابلۆی میلامین، و دەکرێت لە سەر داواکاری کۆمپانیای بەشدار بوو ناوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بنووسرێت و یاخود ناوەکە زیاتر لە شوێنێک هەڵواسرێت بەپێی پێویستی شوێن و رووبەری باڵی تەرخانکراو.

٧- ئەم بابەتانەی ســەرەوە بۆ باڵێکە کە رووبەرەکەی (٩) مەتر دووجایە و لە حالاتی زیادکردنی ئەو رووبەرە بۆ دووجاکانی ژمارەی (٩) ئەو کات ژمارەی ئەم بابەتانە دوجا دەکرێت بۆ هەر (٩) مەتر دوجا بە جیا، و گەر بێت و رووبەری زیاد کراو لە (٩) مەتر دوو جا کەمتر بۆ ئەو کاتە ژمارەی بابەتەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە.

٨- لە حاڵەتی داواکردنی مێز و کورسی زیاد لە لایەنی ڕێکخر ئەو کات کرێی زێدەکی وەردەگیرێت بۆ هەر بابەتێک بە جیا بەم شێوەی خوارەوە:-

- **ڕێکخەری نیشــتمانی** : (١٠٠٠٠) تەنها دە هەزار دینار بۆ یەک مێز و (٥٠٠٠) تەنها پێنج هەزار دینار بۆ یەک کورسی و بۆ تەواوی ماوەی پێشانگا.

- **ڕێکخەری بیانی**: (١٥٠٠٠) تەنها پانزە هەزار دینار بۆ یەک مێز و (١٠٠٠٠) تەنها دە هەزار دینار بۆ یەک کورسی و بۆ تەواوی ماوەی پێشانگا.

٩- بە هێچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت بە ئەنجامدانی هەر کارێک زیان بگەینێتە شوێنی تەرخانکراو وەک کونکردن وکبس کردنی و رەنگکردن و نووسینی و هەر زیانێکی بەستنی بابەتە هەڵواسراوەکان و یاخود کرداری بیناســازی و یاخود زیادکردنی بەش بۆ بەرزکردنی بەرزایی و یاخود بەکارهێنانی دیواری بەش بۆ هەڵوا سینی شتی قورس بە شێوەیەک زیان بەخ شبێت بۆ سەقامگیری دیکۆر، و لە کاتی هەر کردارێکی پێچەوانە بەڕێوەبەرایەتی بۆی هەیە لا بدات و زەرەر وزیانەکان دەکەونە ئەســتۆی کۆمپــانیــای ڕێکخەر و ئەم زەرەر وزیــانە هەژمــار دەکرێــت بەپێی تێچوو ونرخی کەلوپەلەکـانی بـاڵی تەرخـانکراو کە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی خەملانـدنی بۆ کراوە لەگەڵ زیـاد کردنی هەر بڕە پارەیەک کە بەرێوبەرایەتی بە پێویستی دەزانێت وەری بگرێت، وپێویستە لە سەر ڕێکخەر ئەم بڕە پارانە بدات پێش وەرگرتنی ئەستۆپاکی لە بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندار.

**ب- پەنابردن بۆ خزمەتگوزاری کۆمپانیاکانی دیکۆری تایبەت**

کۆمپانیای ڕێکخەر بۆ هەیە پەنابات بۆ خزمەتگوزاری کۆمپانیاکانی تایبەت بە خزمەتگوزاریەکانی دیکۆر بەو مەرجانەی خوارەوە:-

١-کۆمپانیاکە تایبەتمەند بێت بە بواری خزمەتگوزاریەکانی جوانکاری.

٢- بە فەرمی تۆمارکراو وباوەڕ پێکراو بێت لە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشــتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێم و یاخود تۆمارکراو بێت لە لایەن دەسەڵاتی تایبەت بە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وڵاتی خۆی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان پشتڕاستکراو بێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

٣- کرداری هاوشێوەی (اعمال مماثلة) هەبێت لە بواری خزمەتگوزاریەکانی جوانکاری پشت ڕاستکرا بێت بە بەلگەی فەرمی پەسەند کراو بەپێی یاسایی و ڕێنماییەکان.

٤- لایەنی ئارەزوومەند بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی جوانکاریی پێویســتە بەڵگە تایبەتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (١ و ٢ و ٣)ی ئەم خالە پێشکەش بکات بە بەڕێوبەرایەتی.

٥- کۆمپانیای خزمەتگوزاری دیکۆر پێویستە وێنەیەک لە دیزاینی جوانکاریەکان بدات بە بەشی دیزاین لە بەڕێوبەرایەتی گشتی بە مەبەستی پەسەندکردن و وەرگرتنی ڕەزامەندی پێش دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی کارەکانیان، و لە کاتی بوونی تێبینی پێویستە بە هەند وەربگیرێت لە لایەن ڕێکخەر و شوێنی تەرخانکراو نادرێتە ڕێکخەر تا وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆتایی لە سەر دیزاینەکان کە پێویستە تیادا ئەم سێ مەرجە ڕەچاوکرابێت:-
- سەلامەتی و پاراستنی گیانی هاوڵاتیان.
- نەبێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە هۆڵەکانی و باڵەکانی پێشانگا.
- کاریگەری ئەرێنی نەبێت لە سەر بەشداربووانی تری پێشانگا.
٦- ڕێگا نادرێت بە شێوەیەکی جێگیر تەواوی باڵی تایبەت (الجناح المميز) لە ناو پێشانگا دروست بکرێت، ولایەنی ڕێکخەر پابەندە بە دروستکردنی (باڵی تایبەت) لە سەر سیستەمی پارچەی لەیەک بەستراو وتەنها بە بەکارهێنانی بورغی و لە ڕێگای دەرنافیسی ئاسایی و یاخود کارەبایی.
٧- بۆیاغکردن لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمپرێسەر ڕێگا پێدراو نییە، بۆیاغکردن سنوردار بە بەکارهێنانی فرچە و یاخود ڕۆلە بە مەرجی پابەند بوون بە پاراستنی پاک و خاوێنی زەمینە و دیوارەکانی هۆلی پێشانگا.
٨- بەکارهێنانی ئامێرەکانی کەرتکردن ولوس کردن ڕێگەپێدراو نییە، لەبەر پاراستنی ئامێرەکانی سارد کەرەوە و پاڵاوتنی هەوا لە تۆز وغوباری کارکردن.
٨- ڕێکخەر پابەندە بە لابردنی سەرپێچیەکانی کارەکانی جوانکاری (لە ناو هۆڵی پیشانگا و یاخود دەرەوەی هۆڵەکان) ولە ماوەی پێنچ ڕۆژ لە دوایی کۆتایی هاتنی پێشانگا، بە پێچەوانە سەرپێچیەکانی لە لایەن بەڕێوبەرایەتی لادەبردرێت و ڕێکخەر بە دوجا پێبژاردن سزا دەکرێت.

**ماددەی (١٥): کۆمەڵگا تەندروستیەکان**

ڕێکخەر پابەندە بە وەرگرتنی کۆمەڵگاکانی تەندروستی نزیک هۆڵەکانی پێشانگا و خاوێنکردن و دانانی کرێکاری خاوێنکردن (کرێکارێکی لە ڕەگەزی نێر بۆ بەشی پیاوان و کرێکارێکی ئافرەت بۆ بەشی ئافرەتان) بە درێژایی ماوەی بەردەوام بوونی پێشانگا لەگەڵ پابەند بوون بە خاوێن کردن و دانانی هەموو جۆرە پێداویستیەکانی (سابون- پاککەرەوە و موعقیم...هتد) و بەرپرسیارە لە چاکردنی هەر زیانێک لێکەوتبێ.

**ماددەی (١٦): باڵی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی**

ڕێکخەر پابەندە بە دابینکردنی خۆرایی باڵێکی تایبەت بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی ئامادەکردنی داتای تایبەت بە پێشانگا تایبەتەکان و بە بازرکردن و ورێکلامکردن بۆ چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی.

**ماددەی (١٧): ڕێکلامەکان**

ڕێکخەری پیشانگا پابەند دەبێت بە دانانی ڕێکلامەکان لە مۆنیتەرەکانی دەوروپشتی دامەزراوەکانی پێشانگا وسنوردار کراوە بەو شوێنانەی کە تەرخانکراوە بۆ دانانی ڕێکلام.

**ماددەی (١٨): نەخشە و دیزاین و زەرعە**

١- ڕێڕەوی (کۆریـدۆر) چـاککردن بە بەرینی (١) مەتر دەبێـت لەگەڵ دابین کردنی درێژاییەک بۆ جموجۆڵکردن لە نێو یەکە جێگیرەکانی پێشـانگا بە بەرینی (٦٠) سم لەناو ڕێڕەوی خزمەتگوزاری، و ڕێڕەوەکانی پیادە (٣) م دەبێت جگە لە ڕێڕەوی سەرەکی کە دەکرێت بە بەرینی (٣-٤) مەتر بێت.

٢- بەشـی هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسـە لە دەسـتنیشـانکردنی ئەو هۆڵانەی کە گونجاون بۆ پێشـانگا و دیار کردنی هۆڵە بەکرێدرەوەکان و ژمارەی ڕۆژەکانی پێشـانگا بۆ ئەو پێشـانگایانەی لە سـەر دامەزراوەکانی وەزارەت ئەنجامدەدرێت، و لیژنەیەک پێکدەهێنرێت بۆ سـەرپەرشـتیکردنی زەرعە وهەژمارکردنی ڕووبەرە کراوەکان.

٣- لایەنی ڕێکخەر، لە ماوەی (١٠) ڕۆژ پێش بەرواری کردنەوەی پێشانگا، پێویستە نەخشە و دیزاینی دیکۆر بداتە بەشـی هونەری بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەسـتی وەرگرتنی ڕەزامەندیان لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانەی کە لە بڕگەی (١) سەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

٤- لیژنەی زەرعە هەڵدەستێ بە پێوانی گشت هۆڵەکانی پێشـانگا تایبەتەکان، و لە کاتی بوونی هۆلی بەتاڵ پێویستە لەسەر ڕێکخەری پێشانگا پێشی بگرێت و ناو ولۆگۆ وگشت کەلوپەلەکان بە شێوەکی تەواو لەو هۆڵانە لادات بە پێچەوانەوە وەک ڕووبەری بەکارهێنراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، جگە لەو ڕووبەرانەی کە بۆ (مزگەوت و باڵی کۆمپانیای ڕێکخەری پێشـانگا تەرخانکراوە بە مەرجێک لە (١٨) مەتر دوجا زیاتر نەبێت وکافتریا بۆ خواردنە ساردەکان بەمەرجێک لە (١٨)م دوجا زیاتر نەبێت).

**ماددەی (١٩) / پاسەوانی و خاوێنکردن**

أ- پێویستە ڕێکخەری پێشـانگا گرێبەسـت واژوو بکات لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیاکانی خاوێنکردنی باوەر پێکراو لە لایەن لیژنەی باڵا بە مەبەسـتی بەجێ گەیاندنی ئەرکی پابەند بوون بە خاوێنی هۆڵەکان و توالێتەکان بە درێژایی ماوەی بەردەوام بوونی پێشانگا.

ب- لەکاتی ئەنجامدانی پێشانگا لە سەر دامەزراوەکانی وەزارەت ڕێکخەری پێشانگا پابەندە بە دابین کردنی پاسـەوان بۆ هۆلەکان و بەڕێوەبەرایەتی پابەند دەبێت بە دابینکردنی پاسـەوان بۆ دەرەوەی پێشـانگا، وە لە کاتی ئەنجامدانی پێشـانگە لەسـەر دامەزراوە تایبەتەکان، ڕێکخەر پابەندە بە دابینکردنی پاسەوان بۆ ناو هۆڵەکان و دەرەوەی پێشانگا.

ت- پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی وەربگیرێت لە کاتی بەکارخستنی کرێکار و فەرمانبەر لە ناو هۆڵەکان لە قۆناغی ئامادەکاری بۆ کردنەوەی پیشانگا.

ث- ڕێکخەر ڕووبەرووی سزای پێبژاردن دەبێت بە بڕی (٥٠٠٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دینار لە کاتی بونی سـکاڵا و یاخود دەسـتنیشـانی کردنی تێبینی دەربارەی خەراپی ڕەوشـی پاک وخاوێنی هۆڵەکـانی پێشـانگـا و توالێتەکـان، و ئەو بڕە دووجـا دەکرێتەوە لە کـاتی دووبـارە بوونی کەموکوڕیەکان.

**ماددەی (٢٠): پێدانی هۆڵەکان**

أ- هۆڵەکان نادرێتە لایەنی ڕیکخەر تا پێش (١٠) ڕۆژ لە دەستپێکردنی پێشانگا، نەخشە ودیزاینی دیکۆر و وپلانی دابەش بوونی کۆمپانیا بەشداربووەکان بە سەر هۆڵەکان دەدرێتە بەشی هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی.

ب- هۆڵەکانی پیشانگا دەگەرێندرێتەوە بۆ بەشی هونەری لە بەڕێوبەرایەتی لە ماوەی (٥) ڕۆژ دوای کۆتایی هاتنی ماوەی پێشانگا بە شێوەیکی بەتاڵ لە بابەتە نمایشکراوەکان ولابردنی کەلوپەلەکان لەگشت شوێنە داخراو و کراوەکانەدا و دەستەبەرکردنی خاوێنی توالێتەکان، بەپێچەوانەوە ڕێکخەر ڕووبەڕووی سزای پێبژاردن دەبێت بەبڕی (١٠٠٠٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن دینار بۆ هەر ڕۆژێکی دواکەوتن ودەست بەسەرداگرتنی گشت کەلوپەلەکانی لە کاتی نەدانی بڕی پێبژاردنی ئاماژە پێکراو.

**ماددەی (٢١): گومرگ**

أ- پێویستە گشت ڕێکخەرەکان ئاگاداری ڕێنماییە گومرگیەکان بن بە تایبەتی لیستی قەدەغەکراوەکان بە هۆی ئەوەی دامەزراوەی پێشانگاکانی وەزارەت بەناوچەی گومرک هەژمار دەکرین.

ب- ڕێگا نادریت کەلوپەلە نمایش کراوەکان ببردرێتە دەرەوەی پێشانگا تا هێنانی ئەستۆ پاکی گومرگ و بەشی دارایی و هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی پێدانی باجی گومرگ و کرێی بەشداریکردن وخزمەتگوزاریەکان و چاکردن و یاخود قەرەبووکردنی هەر زەرەر و زیانێکی هەبووە جێگیر و ناجێگیرەکانی هۆڵەکانی پێشانگا.

ت- بەڕێوەبەرایەتی گشتی نووسراوەکانی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ دەکات بۆ ئاگادارکردنی دەروازە سنوریەکان بە مەبەستی ئاسانکاری تێپەراندن و گەیاندنی کەلوپەلەکانی نمایشکردن بۆ پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر و یاخود پێشانگاکانی تر، وپێویستە ڕێکخەری پێشانگا ناوی کۆمپانیا و بەرواری دەستپێکردنی کۆمپانیا و شوێنی ئەنجامدانی لە سەر سەندوق و بەڵگەکانی گواستنەوە (مەنەفێست) جێگیر بکات.

**ماددەی (٢٢) / وەرگرتنی ڤیزە**

أ- وەرگرتنی ڤیزەی فەرمانبەرانی کۆمپانیا ولایەنە بەشداربووان لە پێشانگا تەنها لە دەسەلاتی لیژنەی باڵایە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ – فەرمانگەی نشینگە.

ب- پێویستە ڕیکخەر پێش (٤٥) ڕۆژ لە دەستپێکردنی پێشانگا لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لە پێشانگا و ژمارەی پاسپۆرت و وێنەیەکی ڕەنگاورەنگ لە پاسپۆرت لەگەڵ حیجزی هۆتێلیان بدات بە بەشی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندنی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی وەرگرتنی ڤیزە بۆ هاتنە ناو عێراق. پێویستە ڕیکخەر بۆ ڕێگری کردن لە دزەکردنیان بەڵێن بدات بە دەستبەسەرداگرتنی گشت پاسپۆرتی بەشداربوان، بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی سزای پێبژاردن دەکرێت بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) تەنها حەوت ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێکی دزەکردنی بەشداربوو بەجیا.

ت- ژمارەی بەشـــدار بوون بۆ هەر بـاڵێـک دیـار دەکرێـت بەپێی ڕووپێوی بـاڵی بەکرێگیراو هەژماردەکریت، بە شـێوەیێک هەر (٩) مەتر دووجا (٣) بەشـــدار بووی بەر دەکەوێت و ژمارەی بەشداربووان زیاد دەبێت بە ڕێژەی (١) کەس بۆ هەر (٩) مەتر دووجای زیادکراو وڕیکخەر پابەندە بە ئاگادارکردنی بەڕێوەبەرایەتی وپێدانی زانیاری تەواو دەربارەی بە ناوی کۆمپانیای بە شداربوو و رووپێوی باڵی بەکرێگیراو پێش بەرزکردنی داواکاری وەرگرتنی ڤیزا بۆ کارمەندانیان.

ث- ڕێکخەر وپێش (١) مانگ لە دەسـتپێکردنی پێشـانگا پابەندە دەکرێت ولە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی لیژنەی باڵا بۆ درێژەدان بە مانەوەی بەشـداربوو لە هەرێمی کوردسـتان بەمەبەستی بەشداریکردنی لە پێشانگایەکی تر لە هەرێم.

ج- لایەنی ڕێکخەر پابە ندە بە نووســراو ئا گاداری بەڕێوەبەرایەتی بکات بە رۆیشـــتنی گشـــت بەشداربووە بیانیەکان بۆ دەرەوەی هەرێم.

ح- ڕیکخەر، بە مەبەسـتی ڕیگریکردن لە بەکارهێنانی ڤیزەی پێدراوە بۆ مەبەسـتی جیاواز و یاخود بەشـــدارکردن لە پێشـــانگایەکی تر، بەڵێننامە واژوو دەکات بە ئاگادارکردنی بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی هەڵوەشاندنی ڤیزەی هەر بەشداربووێک پاشگەز دەبێت لە بەشداری کردن.

خ- ماوەی مانەوەی بەشداربووان لە هەرێم لە (٩٠) ڕۆژ دەست پێدەکات لە بەرواری وەرگرتنی.

د- پێویســـتە بەشـــداربوو لە ماوەی (٥) رۆژ هەرێم جێبهێڵێت بە دەر لە ماوەی ڤیزەی وەرگیراو. پێویســـتە رەزامەندی بەڕێوبەرایەتی وەربگیرێت لە کاتی بوونی ئارەزووی بەشـــداری کردن لە پێشانگاێکی تر لە هەرێم.

**ماددەی (٢٣): چێشتخانە و کافیتریاکان**

أ- کرێی کافیتیریا جێگیرەکانی ناو دامەزراوەکانی ســەر بە وەزارەت (١٠٠٠٠٠) تەنها ســەد هەزار دیناری بۆ هەر رۆژێک و دابین دەکرێت پێش (٣) رۆژ لە دەست پێکردنی پێشانگا.

ب- ڕێگا نادرێت بە چەسپاندنی چێشتخانە وکافیتریای نێو هۆڵەکانی پیشانگا.

ت- ڕێگا دەدرێت بە چەسـپاندنی چێشـتخانە و کافیتیریا لە گۆڕەپان و شـۆسـتەکانی تەریب لەگەڵ هۆڵەکـان دوای پەســەنـد کردنی دیزاینەکـان لە لایەنی بەشـــی هونەری لە بەڕێوبەرایەتی و دیارکردنی شـوێنە گونجاوەکان، و لە چوارچێوەی ڕێکارەکارەکانی هەژمارکردنی روپێوی شـوێنە کراوەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ث- ڕێکخەر پابەند دەکرێت بە هێنانی چێشتخانە و کافیتیریای خاوەن هێمای بازرگانی ناودار.

ج- بەڕێوەبەرایەتی بۆی هەیە هەر چێشـــتخانە و یاخود کافیتیریایێک لادات پێچەوانەی مەرجە داواکراوەکان بێت.

ح- ڕێکخەر بەرپرسیارە لە تەواوی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سەلامەت و تەندروستی دەرچوو لە لایەن وەزارەتی تەندروستی.

خ- ڕێکخەر پابەند دەکرێت بە لادانی چێشتخانە و کافیتیریا ناجێگیرەکان وچۆلکردنی چێشتخانە و کافیتریا جێگیرەکان لە ماوەی (٢) ڕۆژ دوای تەواو بونی ماوەی پێشـــانگا، بە پێچەوانەوە پابەند دەکرێت بە دانی پێبژاردن بە بڕی (٢٥٠) تەنها دوو ســـەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر ڕۆژێکی دواکەوتن.

**ماددەی (٢٤): کرێی گۆگا**

لە کاتی پێشـکەشـکردنی داواکاری لە لایەن ڕێکخەر بە مەبەسـتی دابینکردنی هۆڵێک بۆ بەکارهێنانی وەک گۆگا، بەشی هونەری سەر بە بەڕێوبەرایەتی هەڵدەستێ بە:-

أ- دەستنیشان کردنی هۆڵێکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە.

ب- کرێیەکەی ڕۆژانە بە (٢) تەنها دوو هەزار دیناری عێراقی هەژمار دەکرێت بۆ هەر (١) مەتر دوجا.

**ماددەی (٢٥):- شوێنی تایبەت بە چالاکیەکان (سمینار و ۆرک شۆپ)**

هۆل و شـوێنە ئامادەکراوەکان بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە و چالاکیەکان لە کاتی داوەکردن دابین دەکرێت بە کرێی بنبڕ بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سـێ ملیۆن دینار بۆ تەواوی ڕۆژەکانی پێشـــانگا و یاخود بە بڕی (٢٥٠) تەنها دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر ڕۆژێک بە مەبە ستی ئەنجامدانی سمینار و ۆرک شۆپ بە درێژایی ماوەی پێشانگا.

## بەشی چوارەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (٢٦): لێکتێنەگیشتن و شایستە داراییەکان و دادگا**

أ- لەکاتی ناروونی و لێکتێنەگەیشتن لە بابەتی مەرج وڕێنماییەکانی گرێبە ست پشت دەبە سترێت بە ئەو وێنەی گرێبەست کە بە زمانی کوردی نوسراوە.

ب- هەولێر پایتەختی هەرێم دەستنیشان کراوە بۆ:-

١- وەرگرتنی گشت شایستەکانی وەزارەت.

٢- یەکلاکردنەوە (التسوية) و نێواندگیری (التحكيم) لە کاتی دروست بوونی کێشە.

ت- دادگاکانی هەرێم لە هەولێر دەســەڵاتدارە بە بینین و یەکلاکردنەوەی داواکان لە کاتی دروســت بوونی کێشە.

**ماددەی (٢٧): حوکمە گشتیەکان**

أ- لە کاتی ئەنجامدانی پێشـانگا لە ژێر چاودێری سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و یاخود یەکێک لە وەزیرەکان، لایەنی ڕێکخەر جگە لە کاتی باری لەناکاو بۆی نییە پێشانگا دوابخات.

ب- ڕێکخەر گشــت زەرەر و زیانەکانی هۆلی تەشـریفات لە ئەسـتۆ دەگرێت کە لە کاتی مەراسـیمی کردنەوەی پێشـــانگا دێتە کایەوە. ڕێژەی زەرەر و زیانەکان و بڕی پارەی پێویســت بۆ چاکردن لە لایەن بەشی هونەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی خەملاندنی بۆ دەکرێت.

ت- هاتنی بارهەڵگر لە دەرگای سەرەکی دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەت و ڕاگرتنی لە نێو هۆڵەکانی پێشانگا بە شێوەیەکی ڕەها قەدەغەیە، وبار هەڵگرەکان تەنها بۆیان هەیە بێن تا بەردەم شوێنی کارگێری تایبەت بە بەشی گومرگ، و پێویستە بابەتەکان لە خالی گومرگ بگوازرێتەوە بۆ هۆڵەکانی پێشانگا بە عارەبانەی گواستنەوەی بچوک و یاخود بەرزکەرەوە (رافیعەی شوکی).

ث- ئاگادارکردنی بەڕێوەبەرایەتی بە تەواوی ناوی کۆمپانیا بەشداربووەکان و ناونیشان و رەگەز و بابەتە نمایشکراوەکانیان.

ج- ئاگادار کردنی بەڕێوەبەرایەتی بە پرۆگرامی تایبەتی پێشانگا پێش (٣) ڕۆژ لە بەرواری کردنەوەی پێشانگا.

ح- لایەنە بیانیە بەشداربووەکان بۆیان هەیە هەبووەکانی لقەکانیان لە هەرێم بێننە ناو پێشانگا، پێویستە بۆ ئەم مەبەستە لایەنی ڕێکخەر و لە ڕێگای بەرێوەبەرایەتی ئاگاداری لیژنەی باڵا دەکات بە تەواوی لیستی ئەو بابەتانە و ژمارەکانیان و ئاراستە کردنی نووسراو بۆ گومرگ بە مەبەستی دەستبەسەردانەگرتنیان.

خ- پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی وەربگیرێت پێش ئەنجامدانی چالاکی و کێبرکێ.

د- لایەنی ڕێکخەر بۆی هەیە دوای واژوکردنی گرێبەست رێکلام و بانگەشە بۆ پێشانگا بکات لە رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی تەلەفزیۆن و رادیۆکان.

ذ- بەشداربووان پێویستە پێش (٣) ڕۆژ لە بەرواری کردنەوەی پێشانگا گشت بابەتەکانی نمایشیکردن بێنە نێو باڵکانیان لە پێشانگا و لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بن.

**ماددەی (٢٨):**

ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠١٧ تایبەت بە مۆڵەتدانی کردنەوەی پێشانگاکان هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٢٩):**

ئەم ڕێنمایە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**كمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٢٠٠١٨ لە ٢٠٢٣/٩/١٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ و ماددە (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ و بە مەبەستی ئاسانکاری لە جێبە جێکردنی ئەم یاسایانەی سەرەوە بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە( ١٩ )ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی چۆنیەتی مامەڵەکردنی پاشەڕۆی پزیشکی تاقیگەیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

**هەرێم**: هەرێمی کوردستان

**وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی

**وەزیر**: وەزیری تەندروستی

**بەڕێوەبەرایەتی**: بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەکان لە وەزارەتی تەندروستی

**ماددەی (٢):**

**لەناوبردن وبەهەند وەرگرتنی پاشەڕۆی پزیشکی:**

**یەکەم:** لەناوبردنی پاشەڕۆی پزیشکی و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی پاشەرۆکان:

پاک کردنەوە، ستێرلیزەکردن و لەناوبردنی پاشەڕۆی پزیشکی کلیلی چارەسەرن بۆ لەناوبردنی پاشەڕۆ بایۆلۆجیەکان بە ڕێگایەکی تەندروست. بۆیە گرنگە کە لە میکانیزمە بنەڕەتییەکانی شێوازی جیا جیای ستێرلیزەکردن و لەناوبردنی پاشەرۆی پزیشکی تێبگەین کە دەتوانرێت لە تاقیگەدا بەکار بهێنرێت. پێداویستیە تایبەتەکانی کۆکردنەوە پشت دەبەستێت بە سروشتی پاشەڕۆ بایۆلۆجیەکان کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەم ڕێنماییانە باس لە شێوازەکانی ستێرلیزەکردن و لەناوبردنی پاشەڕۆی تاقیگا دەکات کە بە مەترسی بایۆلۆجی دادەنرێت. ئەتوانرێت زانیاریەکان بەکار بهێنرێن بۆ پەرەپێدان بە ستاندەرد و کرداری تایبەت لەسەر کۆکردنەوە و بەڕیوەبردنی پاشەڕۆ بۆ تاقیگایەکی تایبەت. ئەم ڕێنماییانە پشت دەبەستێت بەو کەسانەی کە هەڵسەنگاندنی مەترسی ئەنجام دەدەن بۆ نمونە بەڕێوەبەری تاقیگاکان یان کارمەندانی تاقیگا و توێژەران یا هەر کەسێکی تر کە بەرپرسە لە لەناوبردنی پاشەڕۆی تاقیگا. تاقیگاکان دەبێت ستراتیژی چارەسەری پاشەڕۆی پزیشکی بە ڕێکوپێکی دیاری بکەن لەسەر بنەمای ئەنجامی هەلسەنگاندنیان بۆ مەترسیەکان، هەروەها دەبێت گونجاو بێت بۆ ڕینماییە خۆجێییەکان و بارو گوزەرانی شوێنەکە.

**دووەم:** بەهەند وەرگرتنی چارەسەری پاشەڕۆ پزیشکیەکان:

لەکاتی کارکردن لە تاقیگادا پێکهاتەی پاشەڕۆی ڕەق و شلی جیاواز دروست دەبێت (خشتەی ژمارە ١-١)، هەندێک لەو ماددانە وەک چاویلکەی خۆپارێزی و ئامێرەکان و جل و بەرگی تاقیگا لەوانەیە دووبارە بەکاربهێندرێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لەو پێکهاتانە دەبنە (پاشەڕۆی پزیشکی یا گشتی).ئامانجە سەرەکیەکە ئەوەیە کە هەر ماددەیەک لە تاقیگا ببێتە پاشەڕۆی پزیشکی یا مەترسیدار دەبێت چارەسەر بکرێت لەناو تاقیگا یاخود بە شێوەیەکی زانستی و ڕێک و پێک بەگوازریتەوە بۆ شوێنی چارەسەرکردنی پاشەڕۆکان.چارەسەرکردن یا پاک کردنەوەی پاشەڕۆی پزیشکی دەبێت بە ئۆتۆکلێڤ بێت یاخود بە ماددەی کیمیایی یاخود بەڕێگای سووتاندن.بەڵام دەبێت ڕێگاکان گونجاو بێت لەگەڵ هەلسەنگاندن بۆ مەترسی یە بایۆلۆجی، فیزیاوی و کیمیاویەکان.

**ماددەی (٣):**

**مامەڵەکردنی پاشەڕۆ پزیشکیەکان:**

**یەکەم : کۆنتێنەری تیژ :**

١- پێویستە ئەو کۆنتێنەرانەی بەکاردێن ڕەنگیان جیاواز بێت و سەرپۆشیان هەبێت.

٢- دوای کۆکردنەوەی کۆنتێنەرەکان پێویستە دڵنیابن کە باش داخراون.

٣- کۆنتێنەرەکان دەبێت بەرواریان لەسەر بێت واژوو کرابن.

٤- دەبێت کۆنتێنەرەکان هەمیشە بە داخراوی بمێننەوە.

٥- هیچ کاتێک کۆنتێنەر لە ئاستی دیاریکراو زیاتر پڕنەکرێت.

٦- هیچ کاتیک کۆنتێنەری تیژ لەسەر ئەرز دانەنرێت، بەڵکو دەبێت لە شوێنی سەلامەت و دوور بێت لە نەخۆش و سەردانکار.

٧- هیچ کاتێك کۆنتێنەر لەناو کیسەی کۆکردنەوەی پاشەڕۆی پزیشکی واگیر دانەنرێت.

٨- پێویستە کۆنتێنەری ئەندازەی گونجاو (بەپێی پێویست) بەکار بهێنرێت.

**دووەم : هەنگاوەکانی مامەلەکردنی ڕووداو بە دەرزی یا ماددەی تیژبڕ:**

١- شوێنەکە بە سابوونی شل و ئاوی گەرم بشۆرێت و ووشک بکرێتەوە.

٢- برینەکە بە شتێکی وا داپۆشرێت کە ئاودەر نەبێ.

٣- پەیوەندی بکرێت بە بەشی پەیوەندیدار و سەرپەرشتیار ئاگادار بکرێتەوە (بەڕاپۆرت).

٤- ئەگەر سەرچاوەی ئەم مادده تیژە نەخۆشیک بێت، دەبێت سامپلی خوێنی لێ وەربگیرێت (پاش ڕەزامەندی خۆی) بۆ پشکنینی ڤایرۆسی جۆری (HCV, HBV, & HIV).

٥- سامپلێکی خوێنیش لە کەسی بەرکەوتوو وەردەگیرێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی دژەتەنی هەوکردنی جگەر جۆری بی و بەرزکردنەوەی ئاستی ئیمیۆنۆگلۆبیۆلین ئەگەر نزم بێت، ئەو نموونەیەش هەڵدەگیرێ تاوەکو ئەنجامی تێستی خوێنی نەخۆشەکە دەردەچێت.

٦- پرووشکی خوێن و شلەی لەش ئەگەر بکەویتە ناو چاو یا دەم دەبێت هەروەکو برینداربوون مامەلەی لەگەڵ بکرێت. پێویستە چاو یا دەم بە ئاوێکی زۆر بشۆردرێت و دواتریش ئەو هەنگاوانەی سەرەوە ئەنجام بدرێت.

**سێیەم: خوێن و شلەکانی لەش:**

١- **شلەکانی لەش:** ( خوێن، میز، پیسایی، ئاوی پیاو (سپێرم)، شیر، تف (لیک)، CSF شلەی مێشک و بڕبڕەی پشت ):

أ- میز و پیسایی و ڕشانەوە (شلەی لەش) بە تەواوی پاکبکرێتەوە و دواتر شوێنەکە نامیکرۆبی بکرێت و گیراوەی کلۆر ڕاستەوخۆ نەخرێتە سەر میز چونکە گازی ژەهراوی لێ پەیدا دەبێت.

ب- دەستکێش و بەروانکە بپۆشرێت بۆ ڕێگرتن لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شلەی لەش. شلەی زیادە بە دەسماڵی کاغەز هەڵمژرێت و هەروەها ماددەی ڕەق و پەیت بە دەسماڵی کاغەز پاک بکرێتەوە، دواتر دەسماڵە کاغەزەکان کۆبکرێنەوە و وەک پاشەڕۆی پزیشکی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، هەروەها گۆز و دەستەوانە و بەروانکە وەک پاشەڕۆی پزیشکی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

ج- مەرجە دەستەکان بە تەواوی و بەپێی ڕێنمایەکان بشورێت.

٢- **پڕوشکی خوێن:** پڕوشکی خوێن دەبێت ڕاستەوخۆ نامیکرۆبی بکرێت بۆ کەم کردنەوەی ئەگەری واگیربوون.

هەنگاوەکان:

١- دەستکێش و بەروانکە بپۆشرێت بۆ ڕێگرتن لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێن.

٢- دەسماڵی کاغەز بخرێتە سەر پشکە خوێنەکە و بەجێ بهێڵدرێت.

٣- کلۆری ١٠٪ بۆ ماوەی ١٠ خوولەک بپرژێندرێتە سەر دە سماڵە کاغەزەکە و هەوا گۆرکێی ژوورەکە بکرێت تا کلۆرەکە دەڕوات.

٤- دەسماڵە کاغەزەکان کۆبکرێتەوە و وەک پاشەڕۆی پزیشکی مامەلەیان لەگەڵ بکرێت.

٥- شوێنەکە بە ئاوی گەرم و سابوونی شل بشۆردرێت و گۆزی تاکجار بەکاربێت.

٦- گۆز و دەستەوانە و بەروانکەکە بەکارهاتوەکان وەک پاشەڕۆی پزیشکی مامەلەیان لەگەڵ بکرێت.

٧- پێویستە کارمەندی تاقیگە دەستەکانی بە تەواوی و بەپێی ڕێنماییەکان بشوات.

**ماددەی (٤):**

**مامەڵەکردن و چارەسەری پاشەرۆپزیشکیەکان لەناوەوە ودەرەوەی تاقیگا و ئەرشیفکردن:**

**یەکەم: مامەڵەکردنی پاشەڕۆ پزیشکیەکان :**

١- لەناوبردنی دروستی پاشەڕۆ دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی نەخۆشی و ڕووداو و بۆنی ناخۆش، هەروەها ڕێ دەگرێت لە گردبوونەوەی زیندەوەر و ئاژەڵ، ئاو و هەوا و خاک پاک رادەگرێت.

٢- هەموو کارمەندێکی تەندروستی بەرپرسیارە لە لەناوبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ پاشەرۆی پزیشکی.

٣- پاشەرۆی پزیشکی ترسناکەو لەوانەیە ببێتە هۆکاری نەخۆشی و زامداربوون.

٤- پاشەڕۆکان دەبێت لەیەک جیابکرێنەوە و کیسە و کۆنتێنەری ڕەنگاو ڕەنگ و جیایان بۆ بەکاربێت، بەم شێوەی خوارەوە:.

أ-  پاشەرۆی ئاسایی: رەنگی ڕەش

ب-  پاشەرۆی میکرۆبی: رەنگی زەرد بە ڕەش نیشانکراو (میکرۆبی)

پ- پاشەرۆی پاتۆلۆجی: رەنگی سوور بە ڕەش نیشانکراو (پاتۆلۆجی)

ت- پاشەرۆی تیژ: رەنگی زەرد بە ڕەش نیشانکراو (تیژ)

ج- پاشەرۆی کیمیاوی ودەرمان: رەنگی قاوەی بە ڕەش نیشان کراو (ترسناك)

چ- کانزای قورس: رەنگی قاوەیی بە ڕەش نیشان کراو (ترسناك، کانزای قورس)

ح- قووتووی پالەپەستۆکراو: کۆنتێنەری ڕەش

خ- بۆ ئاسانکاری: ڕەش بۆ پاشەڕۆی ئاسایی و نارنجیش بۆ پاشەڕۆی پزیشکی.

٥- نموونەی ئەو پاشەڕۆیانەی کە لە تاقیگە دروست دەبن هەروەک لە خشتەی ژمارە ١ خوارەوە ئاماژە پێکراوە .

**خشتەی ژمارە ١ نموونەی ئەو پاشەڕۆیانەی کە لە تاقیگە دروست دەبن**

| شتە تیژبڕەکان | پاشەڕۆی پیسبوو (پزیشکی) | پاشەڕۆی کیمیاوی | پاشەڕۆ بێ مەترسی (پاشەڕۆی گشتی) |
|---|---|---|---|
| دەرزی، شووشەی شکاو، پێتریدیش، سلاید، کەڤەر سلاید، پایپێتی شکاو، سرنج، هتد | خوێن و شلەکانی لەش، بەکتریای چیندراو، شانە یا هەر شتێک پیسبوو بە میکرۆب، تیووب یا هەر شتێکی تر پیسبوو بە خوین یا شلەکانی لەش. | گیراوەکان، فۆرمالین، میتانۆل، کلۆر، گەرمی پێوی شکاو | ئەو پاشەڕۆیانەی کە پیس نەبوون وەک، کاغەز |

**دووەم: چارەسەری پاشەڕۆی پزیشکی:**

ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت بە هەند وەربگیرێت لەکاتی هەڵسەنگاندنی مەترسی بۆ پاشەڕۆی پزیشکی:

١-  ئەو ئاسانکاریانەی کە بەردەستن بۆ چارەسەرکردن و ڕێگاکانی چارە سەری پاشەڕۆی پزیشکی.

٢- جۆر و قەبارەی پاشەڕۆکان (مادده ڕەقەکان، شلەکان، تیژبڕەکان).

٣- ڕێگاکانی چارەسەری پاشەڕۆی پزیشکی.

٤- هەلگرتن و نیشانەکردن و گواستنەوەیان.

٥- هەبوونی ماددەی تیشکداری مەترسیدار و مادده کیمیاویەکان.

٦- هەبوونی پێداویستی بۆ بەکارهێنانەوەی ماددەکان.

٧- پێویستە هەموو ئەو کەسانەی کە کاردەکەن لە کۆکردنەوەو فرێدانی پاشەڕۆکان ڕاهێنراو بن و جل و بەرگی تایبەتی لەبەر بکەن.

**سێیەم : چارەسەرکردنی پاشەڕۆی پزیشکی لەناو تاقیگادا:**

**١-** جیاکردنەوەو هەڵگرتنی پاشەڕۆی پزیشکی:

پیسبوونی پا شماوەکان و چارە سەرکردنی پا شماوەکان و ماددەکانی تر دەبێت زۆر بە ڕوونی بنا سرێن و زانیاری تەواویان لەسەر نووسرابێت (چ لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەنگی جیاواز و کۆدی جیاواز یاخود بە بەکارهێنانی لۆگۆی مەترسی بایۆلۆجی) هەروەها دەبێت بە شێوەیەکی ڕێک و پێک هەڵبگیرێت و جیابکرێتەوە لە یەکتر.

**٢-** ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت بە هەند وەربگیرێت لەکاتی جیاکردنەوەو هەڵگرتنی پاشماوەکان:

١- سرووشتی پاشەڕۆکان، بۆ نموونە – شل ،ڕەق ، پاشەڕۆی گشتی، پاشەڕۆی میکرۆبی، پاشەڕۆی کیمیاوی یاخود تیژبڕەکان (پیس بوو یا پیس نەبوو).

٢- قەبارەی پاشماوەکان.

٣- ئەو شوێنەی کە پاشماوەکەی لێ چارەسەر دەکرێت .

٤- پێویستە شوێنێکی گونجاو هەبێت بۆ کۆکردنەوەو هەڵگرتنی پاشەڕۆکان.

٥- جۆرو شێوازی پاکەتی بەکارهاتوو بۆ هەلگرتنی پاشەرۆ و کۆکردنەوەیان (بۆ نموونە سندووق ، نایلۆن، سەبەتەی زبل، یاخود کارتۆنی دژە گەرمی یا دژە ماددە کیمیاویەکان.

٦- بەکارهێنانی سیستەمێکی زانیاری دروست وەک کۆدی ڕەنگاو رەنگ ، لۆگۆی مەترسی بایۆلۆجی، نیشانەی ماددەی گڕگرتوو یا تیشکدار.

٧- ڕێگایەکی گوونجاو هەبێت بۆ گواستنەوەی پاشەڕۆکان، کات و شێوازو باری گونجاو بۆ هەلگرتنی پاشەڕۆکان لە کۆگاکاندا.

٨- هەر کارتۆنێک یاخود کیسەیەکی پا شماوەی پزیشکی لە تاقیگا ببردرێتە دەرەوە دەبێت بگوازرێتەوە و هەڵگیرێت بە ڕیگایەکی دروست جا چ بە بەکارهێنانی کۆنتێنەری دووەم یا ترۆلی یا هەر ڕێگایاکی تر کە ڕیگە بگرێت لە پیسبوونی ڕووکاری یا دیواری کۆگاکە.

**چوارەم: چارەسەری پاشەڕۆ پزیشکی یەکان لە دەرەوەی تاقیگادا:**

لە زۆربەی تاقیگەکاندا پاشەڕۆ میکرۆبیەکان ناتوانرێت چارەسەر بکرێت لەناو تاقیگادا بۆیە دەبێت کۆبکرێتەوە و جیابکرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ شوێنی گونجاو لەوێ چارەسەربکرێت.مەرجە ئەم زانیاریانە هەبێت لەسەر کیسی پاشەڕۆی پزیشکی لەکاتی گواستنەوەی بۆ شوێنی چارەسەرکردن:

١- جۆرو پۆلینی پاشەڕۆکان.

٢- ناوی ئەو شوێنەی کە پاشەڕۆی لێ درووست بووە (تاقیگا، نەخۆشخانە، سەنتەری پزیشکی).

٣- بەرواری هەڵگرتنی.

٤- کاتی گواستنەوەو ناوی شۆفێری ڕێپیدراو بۆ گواستنەوەی پاشەڕۆی پزیشکی.

٥- ژمارەی کیسەکان و قەبارەیان چەند بووە.

٦- ژمارەی پسوولەی وەرگیراو ئەگەر هەبێت.

٧- کاتێک پاشەڕۆ چارەسەر بکرێت لە دەرەوەی تاقیگا دەبێت پاکێت بکرێت و زانیاری تەواوی لەسەر بنووسرێت و بگوازرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی پەیوەندیدار بۆی دیاری کردوە.

**پێنجەم: ئەرشیف کردنی چارەسەری پاشەڕۆکان.:**

١- هەڵگرتنی گشت نووسراوەکان بە ڕیک و پێکی و ووردی ( هەڵگرتن، چارەسەرکردنیان، بەرواری فرێدانیان) گرنگە بۆ باش کۆنترۆلکردنی پاشەڕۆکان و چارەسەر کردنیان.

٢- زانیاریانەی خوارەوەو دەبێت ئەرشیف بکرێت:

ا- لیستی ئەو کەسانەی کە ڕێپێدراون بۆ لەناوبردنی پاشەڕۆ و هەروەها نووسراوی خولی ڕاهێنانیان.

ب- SOP بۆ لەناوبردنی پاشەڕۆکان.

پ- نووسراو بۆ بەرواری چارەسەرکردن و لەناوبردنی پاشەڕۆکان.

ت-داتا بەیس ( بە ئەلکترۆنی یا کاغەز).

**ماددەی (٥):**

**ڕێنماییە پێویستەکان بۆ ڕەچاوکردنی یاساکان، چارەسەرکردنی پاشەرۆ پزیشکیەکان، ستیرلێزەکردن، چارەسەرکردنی پاشەرۆی شل و رەق.**

**یەکەم:** ڕێنماییە پێویستەکان بە سیاسەتی ڕیکخستن و ڕەچاوکردنی یاساکان:

لەناوبردنی پاشەڕۆی پزیشکی کە پاشەرۆی بایۆلۆجی نەخۆشی گوازراوەی تێدایە لەناو تاقیگە دروست دەبێت لەوانەیە لە ناو خودی تاقیگەکەدا ئەنجام بدرێت (بۆ نمونە، چارەسەری چاندنی بەکتریایی بە کلۆر، یا بە ئۆتۆکلاف)، لە ناوچەیەکی ستێرلیزەکردنی ناوەندی دیاریکراوی دەرەوەی تاقیگا (بۆ نموونە، ناوچەی ئۆتۆکلاڤی ناوەندی)، یان لە شوێنێکی دوور لەلایەن خزمەتگوزاری لایەنی سێیەمەوە ئەنجام بدرێت بۆ بەڕێوەبردنی پاشەڕۆی مەترسی بایۆلۆجی یان فرێدان (بۆ نمونە، سوو تاندن، هەڵمی ستریلێزەکردن). ئەوە ئەرکی تاکە کەس یان تاقیگایە کە پاشەڕۆی بەرهەم هاتوو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بە دروستی و کاریگەرانە لەناودەبرێت پێش دەرچوون یان لابردن لە تاقیگاکە. پاشەڕۆی مەترسی بایۆلۆجی، خوێنی مرۆڤ و شلە کانی لەش چیتر بە مەترسی بایۆلۆجی ناژمێردرێن کاتێک کە بە شێوەیەکی کاریگەر لەناوچوون. بەڵام هەندێک کات، ئەوان لەوانەیە هێشتا بە پاشەڕۆی مەترسیدار بزاندرێن ئەگەرهاتوو هێشتا پاشەڕۆکە مەترسی هەبێت جگە لە مەترسی میکرۆبی وەک مەترسی (بۆ نموونە، مادده کیمیاییەکان، تیژەکان، مادده تیشکدەرەکان)

جۆرەکانی پاشەڕۆ لە دەزگا تەندرووستیەکان:

١- پاشەڕۆی ئاسایی ٨٠٪.

٢- پاشەڕۆی پزیشکی ٢٠٪.

٣- پاشەڕۆی واگیر یا درمدار (خوێن و شلەی لەش). واگیر یا درمدار= infectious

٤- پاشەڕۆی پاثۆلۆجی (ئەندامی لەش).

٥- پاشەڕۆی تیژو بڕ.

٦- پاشەڕۆی دەرمان.

٧- پاشەڕۆی کیمیاوی ( ژەهراوی، گڕگرتوو،کاردەرەوە(وەک تەقینەوە)).

٨- پاشەڕۆی کانزای قورس (وەک جیوە).

٩- قوتوی پالەپەستۆکراو.

**دووەم: چارەسەرکردنی پاشەڕۆی پزیشکیەکان بە شێوەیەکی دروست:**

١- هەموو پاشەڕۆیەکی پزیشکی دەبێت بخرێتە ناو کیسەی دوو بەرگی تایبەت بە ئۆتۆکلێڤ و دەبێت کیسەکانیش بە پەتی پلاستیکی تایبەت یاخود قوفلی تایبەت دابخرێن.

٢- هەموو پاشەڕۆیەکی پزیشکی دەبێت بۆ ماوەی (٣٠) خوولەک لە پلەی (١٢١) ئۆتۆکلێڤ بکرێت.

٣- لەکاتی هەڵگرتنی کیسەکان دەبێت وریا بین نەدڕێن و لە ئەرز نەخشێت و خۆمان زامدار نەکەین.

٤- کیسەکان دەبێت لە (٣/٤)ی قەبارەی خۆیان زیاتر پڕ نەکرێن.

٥- کیسەکان دەبێت پێش کۆکردنەوە ئەدرێس (شوێنی پەیدابوون)و بەرواریان لەسەر بنووسرێت و بکێشرێن

٦- کیسەکان دەبێت تا کاتی لەناوبردنیان لە شوێنێکی تایبەت وسارد (دوور لە دەستی خەلک) کۆگا بکرێن

٧- کۆنتێنەری ئامرازە تیژەکان نابێت بخرێنە ناو کیسەی پاشەڕۆ پزیشکیەکانی تر و دەبیت بە جیا بگوازرێنەوە.

**سێیەم: ڕێگاکانی ستێرلیزە کردن:**

١- ئۆتۆکلێڤ (هەڵم و گەرما و پاڵەپەستۆ)

٢- ئۆڤن (گەرمی ووشک)

٣- بە گاز

٤- بە تیشک: گاما، تیشکی ئەلیکترۆنی

٥- پلازما + دووەم ئۆکسیدی هایدرۆجین (٤٥ پلەی سیلیزی)

**چوارەم: چارەسەرکردنی پاشەڕۆی شل و شێوازەکان بۆ لەناوبردنی پاشەڕۆ شلەکان لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:-**

**١- سیستەمی زێراب:**

زۆر شێواز بەردەستن، هەموویان دەبێت سوودەکان و زیانەکان لە هەڵسەنگاندنی مەترسیدا هەڵبسەنگێندرێن. هەڵبژاردنی شێوازەکە بۆ پا شەڕۆی پێکهاتەی کیمیایی و بایۆلۆجیەکان پێویستیان بە هەلسەنگاندن هەیە لە هەموو بارەکان دا.بەپێی خەملاندنی مەترسی، بۆ نموونە نزمە مەترسیەکان کە لە توێژینەوەیەک یان ئاسانکاریی کلینیکی کە بە سیستەمی زێرابێکی پێشکەوتووی تەکنەلۆجیای شارەوانیەوە بە ستراوە، بەتاڵکردنەوەی ڕاستەوخۆی دەفری پا شەڕۆی شلە بۆ ناو ئاوەڕۆی تەندروستی لەوانەیە شێوازێکی گونجاو بێت بۆ فرێدان. هەرچەندە لە ڕووی تەکنیکیەوە پرۆسەی لەناوبردن نیە،

بەڵام سیستەمەکانی ئاوەڕۆی تەندروستی کە لکێندراون بە ڕووەکی چارەسەری پاشەڕۆ، بە تەواوی پاشەڕۆی شلەکە دەشێوێنن پێش ئەوەی فڕێبدرێتە ناو ژینگە.لە ڕاستیدا، تەنانەت بۆ ماددەی بایۆلۆجی مەترسیدارتر، لەوانەیە ڕێگە بەم شێوازە نەدرێت لە ژێر ڕێنمایی ناوخۆیی یان نەتەوەیی. هەروەها دانانی پاشەڕۆی بایۆلۆجی شل لە سیستەمی ئاوەڕۆی تێکەڵ بە مادده کیمیاییەکان (بۆ نموونە ئیتانۆل، یان هایدرۆکلۆریدی گوانیدین) پێویستە قەدەغە بکرێت. لە هەموو بارودۆخێکدا پابەندبوونی توند بە پەیڕەوی ناوخۆیی و نیشتیمانی پێویستە.

**٢-چارەسەرکردن بە ڕێگای کیمیایی:**

زۆربەی تاقیگاکانی توێژینەوە بە بێ هیچ چارەسەرێک دەستبەردارکردنی ڕاستەوخۆی پاشەڕۆی مەترسی بایۆلۆجی قەدەغە دەکەن، لەبەر ئەوە، شێواندنی کیمیایی بووە بە ئامرازێکی پێوانەیی بۆ چارەسەرە پیسکەرەکان پێش لەناوبردن. هەڵسەنگاندنی مەترسی یارمەتی دەدات بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شێواز بۆ شێواندنی کیمیایی پاشەڕۆی شلە. چالاکی مادەی کیمیایی دژی ئەو پێکهاتە بایۆلۆجییەی کە لە تاقیگاکەدا بەڕێوەدەبرێت یەکەم فاکتەرە کە ڕەچاوی دەکات لە کاتی دیاریکردنی مادەیەکی کیمیایی. هەروەها پێویستە ڕەچاوی ژەهراویی و توشبوون بە پیسکەرەکان و بێزارکەرەکانی تێدا بکرێت. باوترین مادده کیمیاییەکان کە بەکاردێت بۆ کۆکردنەوە لە پاشەڕۆ شلەکان بریتین لە هایپۆکلۆریتی سۆدیۆم، فینۆلەکان و پێکهاتەی ئامۆنیۆمی.

**٣-ئۆتۆکلێف کردن:**

پاشەڕۆی شلەمەنی خۆکار لەوانەیە شێوازێکی پەسەندی ستریلیزەکردن بێت لەبەر ئەوەی شلە چارەسەرکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی دەتوانن لەناوبرێن لە ڕێگەی سیستەمی ئاوەڕۆوە بەبێ ئەوەی مەترسی پیسکردنی ژینگەی هەبێت بە پیسکەری کیمیایی یان بەرهەمە لاوەکیەکانیان. پاشەڕۆکان کە بڕێکی بەرچاو لە هیپۆکلۆریت، ئیتانۆل یان فۆرمالدهید لەخۆ دەگرێت نابێت بە ئۆتۆکلیف بکرێت چونکە ئەم ماددانە دەبنە ناجێگیر و چڕکردنەوەیان لەوانەیە لە ئاستی پەسەند تێپەڕێت لە هەوای ئۆتۆکلیف کاتێک دەکرێتەوە. ڕەقە خۆکارەکان کە لە پلەی گەرمی ئۆتۆکلێف دەتوێنەوە (بۆ نموونە، ئەگار) پێویستە زۆر بە ئاگایی دابنرێت و لە نایلۆنی تایبەت بە ڕێکی و تووند نایلۆناکە دابخرێت تاکو ئەگار لەکاتی توانەوە نەڕژێتە ناو حەوزی ئۆتۆکلێف و نەبێتە هۆکار بۆ گیرانی بۆری دەردانی و کە ئەمەش زیانێکی ماددی زۆری هەیە بۆ چاکردنەوەی ئۆتۆکلێف.

**پێنجەم: چارەسەرکردن و پاکردنەوەی پاشەڕۆی ڕەق:**

بۆ چارەسەری پاشەڕۆی ڕەق بە ڕێگەی کیمیاوی بە دەگمەن بژاردەیەکی پەسەندە چونکە دڵنیابوون لە پەیوەندی کیمیایی لەگەڵ هەموو ڕووەکان قورسە، ئەگەر مەحاڵ نەبێت. بۆ زۆربەی پاشەڕۆ ڕەقەکان ئۆتۆکلێف کردن یاخود سووتاندن شێوازێکی پەسەندە.

أ- ئۆتۆكلێڤ كردن:

ئۆتۆكلێڤ كردنی پاشـەڕۆی ڕەق ڕێگایەكی باوەڕپێكراو و گوونجاوە بۆ سـتێرلیزەكردنی پێكهاتە بایۆلۆجی یەكان لە پاشـەڕۆی ڕەقدا. هەرچۆنێک بێت، پێویستە كە هەموو بەشـەكانی پاشـەڕۆكە لە بەر هەڵمەكەدا بن، گیرفانی هەوای گیرخواردوو وەک هەڵكۆڵین كار دەكات و لەوانەیە ڕێگە بدات بە بەشـێک لە پاشـەڕۆكان بە شـێوەیەكی شـاراوە بە توشـبوو بمێنێتەوە. دڵنیابوون لەم بەركەوتنە قورسـترە لەگەڵ پێچانەوەی نا ڕێک و پێكی مادده پاشـەڕۆكان و ئەگەر پاشـەڕۆی ڕەق شـلەی تێدا بێت. كەلوپەلی تەواو وشـک وەک دەسـتكێش و پۆشـاک دەتوانن گیرفانی هەوای وشـک بە تاڵ بكەن و لەبەر ئەوە پاكردنەوە یا ستیریلیكردن بە تەواوی بەدەست ناهێنرێت.

لەبەر ئەوە، پاشـەڕۆكان یان ئەو ماددانەی كە لە ئۆتۆكلیڤ دا دانراوە دەبێت لە دەفرێک یا لە نایلۆن بن كە ڕێگە بدا هەوای ناوی بە تەواوی بە تاڵ بكرێت تاكو كارلێكی سـتیریلیكردن بە تەواوی كاربكات. زۆر گرنگە بۆ سـەلماندنی مەرجەكانی كاركردنی ئۆتۆكلێڤ كە لە ڕێگەی بەكارهێنانی نیشـانداری بایۆلۆجی یا نیشـانداری كیمیاوی دەتوانین هەلسـەنگاندن بكەین بۆ باش كاركردنی ئۆتۆكلێڤ لە رووی بایۆلۆجی و كیمیاوی و فیزیک یەوە.

ب- سوتاندن:

سووتاندن ئامرازێكە بۆ نەهێشتنی هەموو میكرۆبە ناسراوەكان لە پاشەڕۆی ڕەقدا، لەوانە سپۆر و پریۆن، بە شێوەیەكی نموونەیی كەم كردنەوەی قەبارە ئەنجام دەدرێت لە ئامێری پێشكەوتووی سووتاندن، پلەی گەرمی دروسـت و درێژی كات لە ژووری سـەرەتایی زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە لەناوبردنی پاشـەرۆ رەقەكان و لەناوچوونی تەواوەتی لە هەر مەترسـیەكی بایۆلۆجی. سـەرەڕای ئەوەش، كارپێكەرەكانی سـوتێنەر یا ئەوانەی بەرپرسـن لەو كارە پێویسـتە ڕاهێنانیان پێبكرێت لەسـەر لەناوبردنی دروسـتی پاشـەڕۆكان پێش ئەوەی ببردرێن بۆ ناو ئامێری سـوتێنەرەكە. ئەگەر دەفری دووبارە بەكارهێنانەوە بەكار بهێنرێت، پێویستە ئامرازەكان بۆ دووبارە پاكردنەوەی ئەم دەفرانە دروست بكرێن پێش ئەوەی دەست بە چارەسەركردنی پاشەڕۆ بكرێت

**ماددەی (٦):**

كـار بە هیج دەقێك ناكرێت كە لەگەڵ ئەحكامەكـانی ئەم ڕێنماییە دژكـار بێت.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان)ەوە جێبەجێ دەكرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە :٦٦٤٥ لە ٢٠٢٣/٩/٧**

بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (حەڤدەیەم /١) لە پەیڕەوی (خانەی دایەنگاکان لە هەرێمی کوردســتان- عێراق) ژمارە (٧) ســاڵی ٢٠١٣ و بەمەبەســتی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ماددەی (چواردەهەم)ی پەیڕەوەکە ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی دابەشکردنی داهاتی دایەنگا حکومیەکان**

**ماددەی (١)**

**یەکەم:** ڕێژەی (٤٠%) خەرج دەکرێت بۆ کڕینی پێداویستیەکانی دایەنگا .

**دووەم:** ڕێژەی (٤٠%) خـەرج دەکرێـت بۆ هـانـدان (حوافز)ی کـارمـەنـدانی دایـەنگـا (فەرمـانبەرانی هەمیشەیی وگرێبەست وخۆبەخش) بۆ (بەرپرسی دایەنگا، توێژەر، دایەن ، مامۆستا، کارگوزار، باخەوان، چێشت لێنەر، سەرپەر شتیاری خۆراك ، پەر ستار، شوفێر، پا سەوان )، بڕەکە مانگانە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بەســـەرۆکایەتی بەرپرس و دووکارمەند دایەنگاکە دیاری دەکرێت ولیژنەکە ســـاڵانە دەگۆڕدرێـت، بـەرەچـاوکردنی پـابـەنـدیـان بـە ئـەرکی فـەرمـانبـەریـەتی وبەرپرسیارەتیان، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کە جیاوازیەکی فراوانی نەبێت لە بڕی هاندانەکە لە نێوانیاندا.

**سێیەم:** ڕێژەی (٢٠%) دەکرێتە داهات بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٢١٩١ لە ٢٠٢٣/١٠/١١**

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٦٩٦ ) لە ٢٠٢٣/٥/٣١ کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (٨٧) لە ٢٠٢٣/٨/٢٩ تایبەت بە (کرێی کاری ڕۆژانە) بڕیاردرابە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-

١- کارکردن بەکرێی کاری ڕۆژانە تەنها بۆ کاروباری خزمەتگوزاری دەبێت وەک (بەردەست ، باغەوان ،پاککەرەوە ، پاسەوان ، کرێکار ، کارپێکەری مۆلیدە ، ئیشپێکەری ترومپا ، شوفێر ، کارەباچی ، پیشەیی) بەبێ ڕەچاوکردنی بڕوانامە نابێت هیچ کارێکی تریان پێ بسپێردرێت

٢- کارکردن بەکرێی کاری ڕۆژانە تەنها لە سەر پێشینەی بەردەوامی مانگانەی دام و دەزگاکانی حکومەت دەبێت و نابێت بۆ ئەم مەبەستە داوای زیادکردنی پێشینەی مانگانە بکەن .

٣- ئەو کرێیەی دەدرێت بەرامبەر ڕۆژانی کاری کردەیی (فعلی) و نابێت لە مانگێکدا لە (٢٢) ڕۆژ زیاتر بێت هەر ڕۆژێک ئامادە نەبێت کرێی ئەو ڕۆژەی لێ دەبڕێت ، وە نابێت کرێی هەر ڕۆژێک لە بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار زیاتر بێت .

٤- کارکردن بەکرێی کاری ڕۆژانە کۆتایی دێت بەکۆتا هاتنی ئەو کارە خزمەتگوزارییەی پێیان دەسپێردرێت .

٥- ڕەزامەندی دان و نوێ کردنەوە لە جێدانان ئەو کەسانە لە سەر پێشینەی بەردەوامی مانگانە کاردەکەن لە دەسەڵاتی وەزیری دارایی وئابووریدا نووسراوەکانتان ئاڕاستەی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بکرێت جگەلە حاڵەتەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، بەجۆرێک بە هەمان ناونیشان و بۆ هەمان کار بێت وە بەشێوەی کارکردنی ڕۆژانە نەوەک هاوشێوەی فەرمانبەری گرێبەست .

٦- لە کاتی دەرچوونی ڕەزامەندی دانانیان دەبێت جۆری کارەکە و ماوەکەی دیاری بکرێت .

٧- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەبێت بەسەر ئەو کارکردنە ڕۆژانانەی دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە ڕەزامەندییان لە سەر دەدرێت .

٨- بۆ حاڵەتەکانی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە پێویستە وەک خۆی نوێکردنەوە و لە جێدانانیان بۆ بکرێت ، جگە لە حاڵەتەکانی لە جێدانانیان لە سەر داهات کە بە ڕەچاوکردنی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ڕێنماییە ڕاگیراوە .

٩- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کورد ستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ١٩٨٦٨ لە ٢٠٢٣/١٠/١١**

پاڵپشت بە(ماددەی پەنجا) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم رێنماییە :

**رێنمایی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**رێنمایی هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی(٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی (ماددەی پێنجەم) لە رێنمایی ژمارە(٩)ی ساڵی (٢٠٢٣) و زیادکردنی (خاڵی ١٢) بۆ (ماددەی حەوتەم) لە رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ. پێشکەشکارانی رەسەنی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەگەر هاتوو یەکێک لە بەڵگەنامەکانی وەکو (کارتی دەنگدان , یان پسولەی خۆراک یان کارتی نیشتمانی/ناسنامەی باری کەسی , یاخود کارتی زانیاری) پێشکەش بە زانکۆکان بکات کە بیسەلمێنێت دەکەوێتە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم حاڵەتەدا ئەگەر پێشکەشکار لە کاتی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)نمرەی(١٠) دە بەرەو سەرەوەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی هێنابێت لە (٣٠) سی نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە ئەوا بە وەرگیراو هەژمار دەکرێت و لە دەرەوەی پلان کورسی خوێندنی بۆ تەرخان دەکرێت لە هەمان پسپۆری ورد و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆیەی کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تیایدا ئەنجام داوە .

ب. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشەکە توانای وەرگرتنی لە ڕووی ستاف و سەرپەرشتیار بەپێی رێنماییەکان هەبوو یاخود لە رێگەی هاوبەشی زانستی (شراكة أكاديمية) نێوان زانکۆکان بۆ مەبەستی سوودوەرگرتن لە ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لە زانکۆکانی دیکە ، ئەوا ناوبراوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەرگیراوەکانی دیکە دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن بەڵام ئەگەر هاتوو بەشەکە توانای وەرگرتنی نەبوو بەهۆی کەمی ستاف و سەرپەشتیار بەپێی ڕێنماییەکان , ئەوا خوێندنەکەیان دوا دەخرێت بۆ خولەکانی داهاتووی خوێندن بەڵام مافی وەرگرتنیان پارێزراو دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی زانکۆکان فەرمانی وەرگرتن لە خوێندن و فەرمانی دواخستن لە خوێندنیان بۆ دەردەکات .

ج. سەبارەت بەلایەنی دارایی کرێی و خوێندنی ساڵانەی ناوبراوان بە شێوازی خۆرایی لەسەر ئەستۆی زانکۆکان دەبێت .

**ماددەی (٢):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشووتر لە بارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت هەروەها ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە خوێندن ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی پێشوویان لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٣-٢٠٢٤)ەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**هۆیەکانی دەرچوون**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەرجەستەکردنی دادپەروەری و یەکسانی و ڕەخساندنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی باڵا / دیپلۆمی باڵا وماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بۆ پێشکەشکارانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند .

**د.ئـارام محمد قــادر**
**وەزیری خوێندنی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە:١٩١٧ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٢**

بەپێی حوکمی ماددەی ( ٤٥ ) لە یا سای دە ستەی پارا ستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کورد ستان- عێراق ژمارە (٨)ی سـاڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو ، و ماددەی (١٠) لە یاسـای پاراسـتن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانی – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**دیارکردنی نرخی کرێی پشکنینی تاقیگەیی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):** لەم ڕێنماییەدا مەبەست لەم زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم: دەستە**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێم.

**سێیەم: سەرۆك**: سەرۆکی دەستە.

**چوارەم: فەرمانگە**: فەرمانگەی کاروباری هونەری لە دەستە.

**پێنجەم: بەشی تاقیگەکان**: بەشێکە لە فەرمانگەی کاروباری هونەری لە دیوانی دەستە.

**شەشەم: هۆبەی تاقیگە**: هۆبەیەکە لە پەیکەری فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**حەفتەم : کرێی پشـــکنین و شـــیکردنەوەی تـاقیگەیی**: ئەو کرێییەیە کە لەبەرامبەر پشـــکنین و شـــیکردنەوەی توخمەکـانی ئـاو، هەوا، خـاک، ڕووەک، خۆراک وەردەگیرێـت لەلایەن هۆبەی ژمێریاری فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانەوە.

**هەشـــتەم: توخمە کانی پێکهێنەری ئاو**: ئەو توخمە کیمیاو یانەن کە پێکهێنەری ئاون و پێکهاتەی کیمیاویان جێگیرە و لەلایەن (سـتانداردی عێراقی) و ڕێنماییە بەرکارەکانی دەسـتە لە هەرێم بڵاوکراوەتەوە، بڕی هەر توخمێک لە ئاودا دیار کراوە.

**نۆیەم: توخمەکـانی پێکهێنەری مـاددە خۆراکییەکـان**: ئەو توخمـانەن کە لە پێکهـاتنی مـاددەی خۆراکی هەیە و لەلایەن (ســتا ندادری عێراقی) بڕی هەر توخمێک لە مادده خۆراکییە کان دیارکراوە.

**دەیەم: توخمەکانی پێکهێنەری خاک**: ئەو توخمە کیمیاویانەن کە پێکهێنەری خاکن.

**یـانزەهەم: توخمەکـانی نـاو پێکهێنەری هەوا**: توخمەکـانی نـاو پێکهێنەری هەوا لە رووی گـازە پیسکەرەکانی هەواوە.

**دوازدەم: ئامێرەکانی پشــکنین و شــیکردنەوەی تاقیگەیی:** ئەو ئامێرە جیاوازانەن کە بەکاردەهێندرێن بۆ پشــکنین و شــیکردنەوەی توخمەکان لە ڕووی کیمیاوی و فیزیاوی و بەکتریۆلۆجیەوە لەناو ئاو، هەوا، خاک، ڕووەک، ...هتد.

**ســێزدەم: ماددەی کیمیایی تاقیگەیی:** ئەو ماددانەن کە بەکاردەهێنرێن لە پشــکنین و شــیکردنەوەی تـاقیگەیی توخمەکـانی نـاو ئـاو، هەوا، خـاک، ڕووەک، خۆراک، ...هتـد. کە نـابێـت ڕێکەوتی دروستکردنیان بەسەر چوبێت.

**چواردەم: کەل و پەلی تاقیگەیی:** ئەو کەلوپەلانەن کە دروستکراون لە (شوشە، پلاستیک، نیکل، ستیل، ...هتد.) دەبێت ستاندارد و کوالێتی بەرز بن، کە لە کاتی ئەنجامدانی پشکنین و شیکردنەوەی تاقیگەیی بەکاردەهێندرێن.

**ماددەی (٢):**

**ئامانج لەم ڕێنماییە:**

**یەکەم:** پەرەپێدانی تاقیگەی ژینگەیی بۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێم.

**دووەم:** ڕێکخســتن و دیـارکردنی کرێی پشــکنین و شــیکردنەوەی تـاقیگەیی لە هۆبەی تـاقیگەی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** هۆبەی تاقیگەکان ئەرکیان ئەنجامدانی کاری پشکنین و شیکردنەوەی ئاو، هەوا، خاک، ڕووەک، خۆراک ... هتد. دەبێت.

**دووەم:** خشــتەکانی کرێی پشــکنینی تاقیگەیی ژمارە (١)و (٢) و (٣) و (٤) و (٥) و (٦) هاوپێچی ئەم ڕێنماییە کە نرخەکانی کرێی پشکنینیان تێدا دیارکراوە، بەشێکن لەم ڕێنماییە.

**سێیەم:** کار دەکرێت بە ستانداردی عێراقی سەبارەت بە توخمەکانی پێکهێنەری ماددە خۆراکیەکان کە بڕی هەر توخمێکی لە ماددە خۆراکییەکان دیاریکردووە.

**ماددەی (٤):**

کار بە هیچ ڕێنماییەکی ناکۆک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییەدا ناکرێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنمـاییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمی (وەقـائیعی کوردســتـان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صديق**
**ســـەرۆکی دەســـتە**

**خشتەی ژمارە (١)**

پشکنینی میکرۆبی ( الجرثومي) بۆ ئاوی خواردنەوە و بیرەکان و سەرچاوەی ئاوو ئاوەڕۆی ماڵان و ڕووبار و ئاوی پیشەسازی و سەرچاوە ئاوییەکان و ئاوی ئاوەڕۆ و هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی لەسنووری ڕێگەپێدراو بەپێی جۆرەکەی:

| ژ | جۆری پشکنین | کرێی پشکنین بە دیناری عیراقی | |
|---|---|---|---|
| | | نزمترین کرێ | بەرزترین کرێ |
| ١ | ژمارەی تەواوی بەکتریا T.P.C / l ml | ٣٠٠٠ سێ هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ٢ | زۆرترین ژمارەی بەکتریای تەواوی قۆڵۆن M.P.N of Total Coliform/ ١٠٠ ml | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٣ | زۆرترین ژمارەی تەواوی بەکتریایی پاشەڕۆی قۆڵۆن M.P.N of Fecal Coliform/ ١٠٠ ml | پێنج هەزار ٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٤ | زۆرترین ژمارەی بەکتریای ڕیخۆڵەی M.P. N of E. coli / ١٠٠ ml قۆڵۆن | پێنج هەزار ٥٠٠٠ | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ٥ | زۆرترین ژمارەی بەکتریای توشبووی ( المسبحات) M.P.N of Strpto / ١٠٠ ml | پێنج هەزار ٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٦ | زۆرترین ژمارەی تەواوی بەکتریا M.P.N of Pseudomonas / ١٠٠ ml | پێنج هەزار ٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٧ | پشکینی بەکتریا Aeromonas | ٤٠٠٠ چوار هەزار | ٧٠٠٠ حەوت هەزار |
| ٨ | پشکینی بەکتریا Clostriomonas | ٧٠٠٠ حەوت هەزار | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ٩ | دەست نیشانکردنی جۆرەکانی بەکتریا بە بەکارهێنانی سیستەمی APi system | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ١٠ | پشکنینی کۆلێرا Vibrio cholera | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ١١ | پشکنینی بەکتریا Salmonella typhi | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ١٢ | پشکنینی کەڕووەکان( الفطريات) | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ١٣ | پشکنینی ( بەرایی توشبوو) بە کەڕووی جیاردیا و کربتوسبوریدۆم | ٣٠٠٠٠ سی هەزار | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار |
| ١٤ | پشکنینی ڤایرۆس لە ئاو جۆری (E,A) | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ١٥ | گەڕان و دابڕاندنی بەکتریا و ژماردنی بەکتریای ئاسن( التحري و عزل بكتريا وعد بكتريا الحديد ) | ٨٠٠٠ هەشت هەزار | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ١٦ | پشکنینی ( التحري) و دابڕاندنی بەکتریا و ئەژماری بەکتریای گۆگرد (التحري و عزل البكتريا وعد بكتريا الكبريت ) | ٨٠٠٠ هەشت هەزار | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ١٧ | دابڕاندن و ئەژماری بەکتریایStaphylococcus aureus | ٦٠٠٠ شەش هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ١٨ | پشکنین و دابڕاندنی بەکتریایی دەزوویيActinomycetes | ٧٠٠٠ حەوت هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |

## خشتەی ژمارە (٢)

پشکنینی بایۆلۆجی بۆ ئاوی خواردنەوە و ئاوی خام ( سەرچاوە ئاوییەکان)

| ژ | جۆری پشکنین | کرێی پشکنین بە دیناری عیراقی | |
|---|---|---|---|
| | | نزمترین کرێ | بەرزترین کرێ |
| ١ | دەستنیشانکردنی سەرئاوکەوتوەکانی ڕووەکی، قەوزە ( الطحالب) | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٢ | پشکنینی کلۆرۆفیل | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٣ | پشکنینی سەرئاوکەوتووەکانی ئاژەڵی تەنها پشکنینی جۆری Zoo Plankton | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٤ | پشکنینی هێلکەی کرمی مشەخۆر ( فحص بیوض الدیدان الطفیلیة) | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |

## خشتەی ژمارە (٣)

پشکنینی کیمیاوی بۆ هەر یەک لە نموونەکانی گشت جۆرەکانی ئاو

| ژ | نموونە | کرێی پشکنین بە دیناری عیراقی | |
|---|---|---|---|
| | | نزمترین کرێ | بەرزترین کرێ |
| ١ | PH توانی هایدرۆجینی | ١٠٠٠ یەک هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ٢ | سۆدیۆم | ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| ٣ | پۆتاسیۆم | ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| ٤ | کالسیۆم | ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| ٥ | مەگنسیۆم | ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ٦ | ئەمۆنیا | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٧ | کلۆراید | ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| ٨ | نیترات و نایترەیت و فلۆراید و فۆسفات و ناسازی ئاوی تەواو( Total hardness) | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار |
| ٩ | ترشیەتی (Acidity) | ٣٠٠٠ سێ هەزار | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| ١٠ | تفتی تەواو (Total alkalinity) | ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| ١١ | ماددە ڕەقە تواوەکان (TDS) | ١٠٠٠ یەک هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ١٢ | ماددە ڕەقە هەڵواسراوەکان (TSS) | ٢٠٠٠ دوو هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ١٣ | ماددەی ڕەقی گشتی (Total solid) | ١٠٠٠ یەک هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ١٤ | ( ماددەی نیشتوو) المواد الراکدە ( Turbidity) | ١٠٠٠ یەک هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ١٥ | گۆگردید | ٢٥٠٠ دوو هەزارو پێنج سەد | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ١٦ | ئۆکسجینی تواوە(DO) | ٣٠٠٠ سێ هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ١٧ | گەیاندنی کارەبایی(EC) | ١٠٠٠ یەک هەزار | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| ١٨ | ئۆکسجینی زیندەگی پێویست ($BOD_5$) | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ١٩ | ئۆکسجینی کیمیایی پێویست(COD) | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار | ٣٠٠٠٠ سی هەزار |
| ٢٠ | ڕوون و چەوری | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ٢١ | سیلیکات $SiO_2$ | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٢٢ | توخمە قورسەکان ( heavy metal) بە هەموو جۆرە جیاوازەکان | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ٢٣ | مادەی ئەندامی تیایدا قرکەرەکان بە ڕێگەی کرۆماتۆگرافی | ٦٠٠٠٠ شەست هەزار | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار |
| ٢٤ | کاربۆنی ئەندامی تەواو T.O.C | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | نایترۆجینی تەواو T.N | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ٢٦ | فۆسفۆری تەواوT.P | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ٢٧ | ڕەنگی ئاو ( color) | ٣٠٠٠ سێ هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٢٨ | کلۆرین ( Cl), free chlorine ,total chlorine | ١٠٠٠ یەک هەزار | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| ٢٩ | Radiation | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ٣٠ | Radon | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار | ٤٠٠٠٠ چل هەزار |
| ٣١ | Hg | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار | ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار |
| ٣٢ | As | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار | ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار |
| ٣٣ | F | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار دینار |
| ٣٤ | THP (total petroleum hydrocarbon) By G.C | ٣٥٠٠٠ سی و پێنج هەزار | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار |
| تێبینی// ئەگەر هاتوو ژمارەی توخم زیاتر بوو لە ٥ توخم | | داشکاندنی کرێی پشکنین بە ڕێژەی ٢٠% دەبێت. | |

## خشتەی ژمارە (٤)

پشکنینی کیمیایی بۆ نموونەی خاک و ماددەکانی تر ( ڕووەک و ئالیک و ماددەی خۆراکی و ... هتد)

| ژ | نموونە | کرێی پشکنین بە دیناری عێراقی بەزیادکرنی تێچووی (هەرس کردنی خاک ) و ( پاڵفتەکردنی خاک) | |
|---|---|---|---|
| | | نزمترین کرێ | بەرزترین کرێ |
| ١ | PH توانی هایدرۆجینی | ٣٠٠٠ سێ هەزار | ٦٠٠٠ شەش هەزار |
| ٢ | سۆدیۆم | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٣ | گۆگردات | ٢٠٠٠ دوو هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٤ | پۆتاسیۆم | ٤٠٠٠ چوار هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٥ | کالسیۆم | ٤٠٠٠ چوار هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٦ | مەگنیسیۆم | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٧ | ناسازی تەواو (Total hardness) | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٨ | تفتی تەواو (Total alkalinity) | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ٩ | فۆسفات | ١٣٠٠٠ سێزدە هەزار | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار |
| ١٠ | نیترات | ١٣٠٠٠ سێزدە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ١١ | ئەمۆنیا | ٧٠٠٠ حەوت هەزار | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ١٢ | توخمە قورسەکان ( heavy metal ) بە هەموو جۆرە جیاوازەکان | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار | ٣٠٠٠٠ سی هەزار |
| ١٣ | ڕوون و چەوری | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| ١٤ | ماددەی ئەندامی | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ١٥ | نایترۆجینی تەواو T.N | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ١٦ | فۆسفۆری گشتی T.P | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| ١٧ | پێکهاتەی خاک نسیج تربە | ٣٠٠٠ سێ هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ١٨ | پشکنینی شێ ( الرطوبة) | ٢٠٠٠ دوو هەزار | ٤٠٠٠ چوار هەزار |
| ١٩ | کلۆرین | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ١٠٠٠٠ دە هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | ماددەی ئەندامی تیایدا قرکەرەکان بە ڕێگەی کرۆماتۆگرافی | ٦٠٠٠٠ شەست هەزار | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار |
| ٢١ | گەیاندنی کارەبا | ٣٠٠٠ سێ هەزار | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ٢٢ | شێی خۆڵ (رطوبة التربة) | ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد | ٣٠٠٠ سێ هەزار |
| ٢٣ | Radiation | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار | ٣٠٠٠٠ سی هەزار |
| ٢٤ | Radon | ٢٥٠٠٠ بیست و پێنج هەزار | ٣٥٠٠٠ سی و پێنج هەزار |
| ٢٥ | Hg | ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار | ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار |
| ٢٦ | As | ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار | ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار |
| ٢٧ | F | ١٠٠٠٠ دە هەزار | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار |
| ٢٨ | TPH (total petroleum hydrocarbon) By G.C | ٧٥٠٠٠ حەفتاو پێنج هەزار | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار |
| | ئەگەر ژمارەی توخمەکان زیاتر بوو لە ( ٥ ) توخم | داشکاندن دەبێت لە کرێی پشکنین بە ڕێژەی ٢٠% (بۆ پرۆژەکان و کۆمپانیاکان و کەسەکان) | |

## خشتەی ژمارە (٥)

### پشکنینی تاقیگەیی پیسکەرەکانی کیمیاوی لە هەوا بۆ هەر نموونەیەک

| ژ | پێناسی خزمەتگوزاری | کرێی پشکنین بە دیناری عیراقی | |
|---|---|---|---|
| | | نزمترین کرێ | بەرزترین کرێ |
| ١ | ئامادەکردنی نموونەی سامپڵ بۆ مەبەستی پشکنینی کیمیاوی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار | ٨٠٠٠ هەشت هەزار |
| ٢ | خەمڵاندنی توخمە قورسەکان | ١٥٠٠٠ پازدە هەزار بۆ هەر توخمێک | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار بۆ هەر توخمێک |
| ٣ | خەمڵاندنی گۆڕاوەکانی دی | ٧٠٠٠ حەوت هەزار بۆ هەر گۆڕاوێک | ١٠٠٠٠ دە هەزار بۆ هەر گۆڕاوێک |
| ٤ | پشکنینی گازە پیسکەرەکانی هەوا($SO_x$, $CO_X$ $NO_X$,) پلەی گەرمی, شێ , چڕی دوکەڵ) | ٥٠٠٠ پێنج هەزار بۆ هەر یەک گاز | ٧٠٠٠ حەوت هەزار بۆ هەر یەک گاز |
| ٥ | پشکنین و دیاریکردنی گازە پیسکەرەکانی هەوا ($NH_٣$,dust$pm_{١٠}$,$O_٣$,CO,$SO_٢$,NOx) بەبەکارهێنانی تاقیگەی گەڕۆک بۆ هەر ڕۆژێک | ٢٥٠٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار | ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار |

## خشتەی ژمارە (٦)

### پشکنینی جۆراو جۆر بۆ توێژینەوەی زانستی قوتابیان

| ژ | پێناسی خزمەتگوزاری | کرێی پشکنین بە دیناری عیراقی | |
|---|---|---|---|
| | | نزمترین کرێ | بەرزترین کرێ |
| ١ | کرێی شیکاری و پشکنینی تاقیگەیی جۆرا و جۆر بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ دبلۆمی باڵا و ماستەرو دکتۆرا | ٢٥ % بیست و پێنج لە سەدا لە کرێی پشکنینی دیارکراو بۆ هەر پشکنینێک یان شیکاری لەو خشتانە | ٥٠ % پەنجا لە سەدا لە کرێی پشکنینی دیارکراو بۆ هەر پشکنینێک یان شیکاری لەو خشتانە |
| ٢ | کرێ شیکاری و پشکنینی تاقیگەیی جۆرا و جۆر بۆ قوتابیانی کۆلێژ و پەیمانگاکان/ دبلۆم و بەکالۆریۆس | ٥٠ % پەنجا لە سەدا لە کرێی پشکنینی دیارکراو بۆ هەر پشکنینێک یان شیکاری لەو خشتانە | ٧٥ % حەفتاو پێنج لە سەدا لە کرێی پشکنینی دیارکراو بۆ هەر پشکنینێک یان شیکاری لەو خشتانە |

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١١٨٠٦ لە ٢٠٢٣/١٠/١**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی بڕگە(٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هە رێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارمان دا بە :
کردنەوەی (تێبینەرایەتی باجی خانووبەرەی قەزای حاجیاوە ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری / بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەری ڕاپەڕین

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وزارة المالية والاقتصاد**
**رقم : ١٢٣٩١ في ٢٠٢٣/١٠/١٦**

**بيان رقم (٥) لسنة ٢٠٢٣**

بموجب الفقرة (٢) من المادة رقم (١٧) من قانون وزارة المالية والاقتصاد لإقليم كورد ستان المرقم (٥) لسنة (٢٠١٠) أستناداً لموافقة دائرة تسجيل الشركات المرقم (٣٤٩٩٩ بتأريخ ٢٠٢٣/٩/٢٠ ) وبموجب الصلاحية الممنوحة لنا قررنا :-
تأسيس (مصرف نيشتمان التجاري ) شركة عامة تابعة لوزارة المالية والاقتصاد لإقليم كوردستان .

**ئاوات جناب نوري**
**وەزیری المالية و الاقتصاد**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٢٨٤٠ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی بڕگە (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١٠) وە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوەبڕیارمان دا
هەموارکردنەوەی خاڵی دووەم لە بەیانمان ژمارە (١) ساڵی (٢٠١٧) کە تایبەت بە (نووسینگە گەورەباجدەران) لە هەردوو پارێزگای (دهۆک و سلێمانی ) کە گرێدراو دەبن ڕاستەوخۆ بە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٩٥٤ لە ٢٠٢٣/١٠/١٥**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

ئاماژە بە فەرمانی حکومەتی هە رێمی کورد ستان / سەرۆک وەزیران بە ژمارە (١٤٠لە ٢٠٢٢/١/١٩) و بەیانی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (٤)ی ســاڵی ٢٠٢٢ ، کە تایبە تە بە هێنا نە کا یەی قەزای پیر مام وە لە بەر بەرژەوەندی گشــتی بڕیارماندا بە گۆڕینی ناوی فەرمانگەکانی وەزارەتی داد کە بە ناوی ســەلاحەدین بۆ ناوی پیرمام سەر بە پارێزگای هەولێرە بەم شێوەی خوارەوە :-

١- گۆڕینی ناوی (تێبینەرا یەتی تۆ مارکردنی خانوو بەرەی ســەلا حەدین ) بۆ (تێبینەرا یەتی تۆ ماری خانووبەرەی پیرمام )٠

٢- گۆڕینی نـاوی (بـەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی ســەڵاحەدین) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی پیرمام) .

٣- گۆڕینی ناوی(فەرمانگەی دادنووسی سەڵاحەدین ) بۆ (فەرمانگەی دادنووسی پیرمام) ٠

٤- گۆرینی ناوی (جێگرایەتی داواکاری گشتی سەلاحە دین )بۆ(جێگرایەتی داواکاری گشتی پیرمام ).

٥- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وە قایعی کوردســتان) بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٩٥٤ لە ٢٠٢٣/١٠/١٥**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و ئاماژە بەنووسراو بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە / بەڕێوەبەرایەتی لێوربوونەوە ژمارە (٤٩٠٩/٥) لە ٢٠٢٣/٩/١٩، وە لەبەر بەرژەندی گشتی وگرنگی بەکارهێنانی سیستەمی (G.I.S) لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە رووی رووپێوەی و نەخشەسازی بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی (هۆبەی G.I.S) لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی هەولێر و بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦١٩٩ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسـای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی سـاڵی ٢٠٠٧ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی / بەڕێوەبەرایەتی کارگێری خۆیەتی ژمارە (١٩٢٨/١) لە ٢٠٢٣/٩/٢٥ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی (یەکەی IT) لە فەرمانگەکانی داواکاری گشـتی (هەولێر ، سـلێمانی، دهۆک، هMڵەبجە ، گەرمیان، ڕاپەرین ) .
٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦٢٠٢ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ، بڕیارماندا بە:

- ڕاگرتنی ئیش وکارەکانی بەرێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی دهۆک بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ، لە رێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٥) تاکو (٢٠٢٣/١١/٦) بە مەبەستی گواستنەوەی کەل وپەلی باڵەخانەکەیان ،
- ئەم بەیانی لە ڕۆژی دەرچوونی جێ بەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٩٧٨٩ لە ٢٠٢٣/١٠/٢٢**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**فراوانکردنی گوندی (دمرکان)**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێمان دراوە لە یاســای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ســاڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە رێنماییمان ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو، و نووســراوی پارێزگای ســلێمانی ژمارە (٩٢٦٩) لە ٢٠٢٣/٩/٥ و بریاری ئە نجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣ .

- فراوانکردنی گوندی (**دمرکان**) سەر بە ناحیەی تانجەرۆ لە سەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (٣٢) بە ڕووبەری (-/٥/٧ ) دۆنم کە چینێکی بەردەڵانیە و لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٣٦) و بە ڕووبەری (-/-/٢) دۆنم واتە کۆی گشتی فراوانکردنەکە دەبێتە (-/٥/٩ ) دۆنم وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسرای پارێزگای سلێمانی دا هاتووە بەپێی یاساکاری کوژانەوە و دەست هە ڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاســای وەزارەتی تەندروســتی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٤٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( مەڵبەندی تەندرو ستی دەبا شان ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندرو ستی چەمچەماڵ سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٩/٢٨.

**بەیانی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی هۆبەی(پێبینی گەدەو کۆلۆن) لە نەخۆشخانەی هە ولێر فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هە ولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١٠/٨.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**